# تقييم الكفاءة التداولية للذكاء الاصطناعي في اللغة الكوردية: «ChatGPT, Gemini, Claude»: أنموذجاً

رۆستەم محمد احمد
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة گەرميان
rostam.mohammed@garmian.edu.krd
ابراهيم حسێن ابراهيم
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الاساس، جامعة گەرميان
Ibrahim-husaen@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: التداولية، الذكاء الاصطناعي، أفعال الكلام، قواعد غرايس.

**كيفية اقتباس البحث**

احمد , رۆستەم محمد , ابراهيم حسێن ابراهيم , تقييم الكفاءة التداولية للذكاء الاصطناعي في اللغة الكوردية: «ChatGPT, Gemini, Claude»: أنموذجاً, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

# Evaluating the Pragmatic Competence of Artificial Intelligence in the Kurdish Language: »ChatGPT, Gemini, and Claude« as a Case Study

**Rostam Mohammed Ahmed**
**Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Garmian University**
**rostam.mohammed@garmian.edu.krd**
**Ibrahim Hussein Ibrahim**
**Department of Kurdish Language, Faculty of Basic Education, Garmian University**
**Ibrahim-Husaen@garmian.edu.krd**

**Keywords** : Pragmatics, Artificial Intelligence, Speech Acts, Grice's Maxims.

**How To Cite This Article**
Ahmed , Rostam Mohammed ,Ibrahim Hussein Ibrahim ,Evaluating the Pragmatic Competence of Artificial Intelligence in the Kurdish Language: »ChatGPT, Gemini, and Claude« as a Case Study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**المخلص**

حقّقت التطوراتُ المتسارعةُ في نماذج اللغات الكبيرة (LLMs) نجاحاً ملحوظاً في تحليل اللغة؛ إلا أن قدرتها على استيعاب المعاني الضمنية، والجوانب التداولية في اللغات ذات الموارد المحدودة، كاللغة الكوردية، لا تزال بحاجة إلى تقييم علمي دقيق وبحوث حديثة. فتهدف هذه الدراسة إلى تقييم ومقارنة الكفاءة التداولية لثلاثة نماذج متقدمة للذكاء الاصطناعي ( ChatGPT, Gemini, Claude) في إدراك المقاصد غير المباشرة، والمعاني الضمنية للمتحدثين داخل النصوص الكوردية. ومن الناحية المنهجية، يعتمد البحث على المنهج الوصفي التحليلي والمقارن؛ إذ جُمِعت البيانات من خلال توجيه ١٢ سيناريو لغوياً مُصمماً خصيصاً للنماذج الثلاثة، باستعمال تقنية التلقين المباشر (Zero-shot prompting). وأُجريت التحليلات في إطار اللهجة الكوردية

الوسطى (السورانية)، بالاستناد إلى كلّ من "نظرية أفعال الكلام" و"مبدأ التعاون لغرايس". وتنطلق الدراسة مِن فرضية مفادها أنّه على الرغم مِن إظهار هذه النماذج فهماً كافياً للنصوص الكوردية بشكل عام، فإنّها تواجه تحديات كبيرة في استيعاب المقاصد التداولية، والتوظيف الصحيح للمصطلحات اللغوية الأكاديمية الكوردية. علاوة على ذلك، يُتوقّع أن يُقدّم نموذجا (ChatGPT) و(Gemini) تحليلات أكثر دقة مقارنة بنموذج (Claude)؛ وذلك بفضل حجمهما الأكبر، وتعريضهما الأوسع لمجموعات بيانات متنوعة. تعتمد هذه الدراسة على "منهج التحليل والمقارنة"؛ حيث تم تصميم تجربة مُوجَّهة تتضمن ١٢ نموذجاً لسيناريوهات لغوية، طُرِحت من خلالها أسئلة مباشرة على النماذج باستخدام تقنية "التلقين دون أمثلة مسبقة" ( zero-shot prompting). وقد جرى جمع هذه البيانات وتصنيفها ومقارنتها إحصائياً ولغوياً، وذلك بهدف التوصل إلى استنتاجات علمية.


## Abstract

The rapid advancements of Large Language Models «LLMs» have achieved remarkable success in language analysis; however, their ability to comprehend implicit meanings and pragmatic aspects in low-resource languages, such as Kurdish, still requires rigorous scientific evaluation and novel research. This study aims to evaluate and compare the pragmatic competence of three advanced artificial intelligence models «ChatGPT, Gemini, and Claude» in perceiving the indirect intentions and implicit meanings of speakers within Kurdish texts. Methodologically, the research employs a descriptive-analytical and comparative approach. Data were collected by administering 12 specifically designed linguistic scenarios to all three models using a direct, zero-shot prompting technique. The analyses were conducted within the framework of the Central Kurdish dialect (Sorani), drawing upon both "Speech Act Theory" and "Grice's Cooperative Principle." The study operates on the hypothesis that while these models demonstrate a proficient understanding of general Kurdish texts, they encounter significant challenges in grasping pragmatic intentions and correctly employing Kurdish academic linguistic terminology. Furthermore, it is anticipated that ChatGPT and Gemini, owing to their larger scale and broader exposure to diverse datasets, will yield more precise analyses compared to Claude This study relies on the “praise-analysis and comparison method”, in which through the design of a targeted experiment, consisting of 12 examples of linguistic scenarios, questions were asked directly to the models using zero-shot prompting technique They have been collected, classified and compared statistically and linguistically in order to reach scientific conclusions.

# هەڵسەنگاندنی توانستی پراگماتیکیی زیرەکی دەستکرد لە زمانی کوردیدا، مۆدێلەکانی « ChatGPT, Gemini, Claude» بە نموونە

ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان
rostam.mohammed@garmian.edu.krd
ئیبراهیم حسێن ئیبراهیم
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان
Ibrahim-husaen@garmian.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە (Abstract)**
پێشکەوتن و پەرەسەندنە خێراکانی مۆدێلە زمانەوانییە گەورەکان «LLMs» لە شیکردنەوەی زماندا سەرکەوتنی دیار و بەرچاوی بەدەستهێناوە، بەڵام توانستی ئەم مۆدێلانە لە درککردن و پێبردن بە ڕەهەندە پراگماتیکییەکان و واتا ناڕاستەوخۆ و شاراوەکان لە زمانە کەم-سەرچاوەکانی وەک زمانی کوردیدا، هێشتا پێویستی بە پشکنین و هەڵسەنگاندنی زانستی ورد و قووڵ هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری بۆ توانستی پراگماتیکیی سێ مۆدێلی پێشەنگی زیرەکی دەستکرد، کە بریتین لە «ChatGPT, Gemini, Claude» لە پرۆسەی دەرککردن و شیکردنەوە و لێکدانەوەی مەبەستی ناڕاستەوخۆ و واتای شاراوەی ئاخێوەر لە دەقە کوردییەکاندا ئەنجامداوە، هەروەها توێژینەوەکە لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، پشت بە میتۆدی پەسنی-شیکاری و بەراوردکاری دەبەستێت، داتاکان لەڕێگەی ئاراستەکردنی « ١٢ » سیناریۆی زمانەوانیی ئامادەکراو بە شێوازی پرسیارکردنی ڕاستەوخۆ بێ ڕاهێنانی پێشوەختە (Zero-shot prompting) بۆ هەر سێ مۆدێلەکە کۆکراونەتەوە و بەڕێوەچووە، هاوکات پشکنین و شیکارییەکان لە چوارچێوەی زاری ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی) و لەژێر ڕۆشنایی هەردوو تیۆریی «کردە قسەییەکان - Speech Act»ی سێرڵ و « بنەماکانی هاریکاریی گرایس - Grice’s Maxims» ئەنجامدراوە، توێژینەوەکە لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاتنراوە، کە سەرەڕای لێهاتوویی مۆدێلەکان لە ئاستی ڕووکەش و پێکهاتەی ڕستەیی زمانی کودیدا، بەڵام لەکاتی لێکدانەوەی مەبەستە قووڵە پراگماتیکییەکان و بەکارهێنانی زاراوە زانستییەکانی زمانی کوردیدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە، هەروەها توێژینەوەکە پێشبینی ئەوە دەکات، کە هەدوو مۆدێلی «Gemini» و «ChatGPT» بەهۆی گەورەیی قەبارەی داتا و فرەچەشنی سەرچاوەکانیانەوە، لە شیکردنەوەی واتایی و گەیشتن بە مەبەستی ڕاستەقینەی دەقەکاندا کارامەیی و وردەکایی زیاتر لە مۆدێلی «Claude» دەخەنەڕوو.

**کلیلە وشە: توانستی پراگماتیکی، زیرەکی دەستکرد، کردە قسەییەکان، بنەماکانی گرایس.**

## پێشەکی توێژینەوە

گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد «AI» و دەرکەوتنی مۆدێلە زمانەوانییە گەورەکان «LLMs»، شۆڕشێکی گەورە و بەرفراوانیان لە بواری زمانی سروشتیدا «NLP» دروستکردووە، ئەگەرچی ئەم ئامێرانە لە زمانە خاوەن سەرچاوە زۆرەکانی وەک (زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی)دا توانایەکی زۆر و ئەنجامێکی باش لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی دەقەکاندا پیشاندەدەن، بەڵام توانایان لە تێگەیشتن و شیکردنەوەیان لە زمانە کەم-سەرچاوەکانی وەک زمانی کوردی، بەتایبەت لە ئاستی "پراگماتیکی"دا، هێشتا جێگەی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە، لەمسۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی توانستی پراگماتیکی سێ مۆدێلی پێشکەوتووی زیرەکی دەستکرد «ChatGPT, Gemini, Claude» لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە کوردییەکاندا، بە پشتبەستن بە هەردوو تیۆری «کردە قسەییەکان» و «بنەماکانی هاریکاریی گرایس».

## کێشەی توێژینەوەکە

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوە لەو پرسیارەدا چڕکراوەتەوە: ئایا مۆدێلە زمانەوانییەکانی زیرەکی دەستکرد، تا چەند توانای درککردن، شیکردنەوە و پەیبردن بە "واتای شاراوە"، "داواکاریی ناڕاستەوخۆ" و "ڕەهەندی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان"یان لە زمانی کوردیدا پێشکەشدەکەن؟ بەو پێیەی ئەم مۆدێلانە زیاتر لەسەر شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی وشەیی ڕاهێنراون، لەم سۆنگەیەوە، توێژینەوەکە هەوڵی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی و کارامەیی و توانستی ئەم مۆدێلانە دەدات لە لیڤڵی «پراگماتیک»دا بۆ دیاریکردنی ڕادەی سەرکەوتنیان لە هەڵهێنجان و لێکدانەوەی ئەو دەربڕینە ناڕاستەوخۆیانەی، کە پێویستیان بە تێپەڕاندنی دەقی وشەیی و تێگەیشتن لە چوارچێوەی "دەق - Context"دا هەیە.

**هۆکار و ئامانجی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

**هۆکاری هەڵبژاردن:** گرنگترین هۆکار بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد بابەتێکی هاوچەرخی بواری زمانەوانیی زمانی کوردییە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر توانستی مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد لە شیکاریی پراگماتیکیی زمانی کوردیدا دەگمەنە، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە پێویستیی دەستنیشانکردن و زانینی ئاستی پەرەسەندنی ئەم مۆدێلانە لە تێگەیشتن لە کەلتوور و دەربڕینە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان و لایەنی پراگماتیکیی هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

- هەڵسەنگاندنی ئاستی تێگەیشتنی زیرەکی دەستکرد سەبارەت بە پەیبردن بە لایانی دەروونی و هۆشیاریی و بابەتە کەلتووری و دەربڕینە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان لەڕوانگەی لێکدانەوەی مەبەستی شاراوە و ناڕاستەوخۆی قسەکەر لە زمانی کوردیدا.
- بەراوردکردنی توانستی سێ مۆدێلی جیاواز «ChatGPT, Gemini, Claude» بە ئامانجی دەرخستنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی هەر یەکێکیان.
- دیاریکردن و زانینی ئاستی وردیی مۆدێلەکان لە پۆلێنکردنی دەقەکاندا بەپێی تیۆرییەکانی «کردە قسەییەکان» و «بنەماکانی گرایس».

**گریمانەی توێژینەوەکە**

**توێژینەوەکە لەسەر ئەم گریمانە سەرەکییانەی خوارەوە بونیادنراوە:**

- **گریمانەی یەکەم:** مۆدیلە پێشکەوتووەکانی زیرەکی دەستکرد، توانایەکی بەرز و بەرچاویان لە تێگەیشتن لە مەبەستی پراگماتیکی و شاراوە لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام لەڕووی بەکارهێنانی زاراوەی دروستی تیۆریی و ئەکادیمی کوردییەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە.
- **گریمانەی دووهەم:** دەکرێت جیاوازی لە نێوان توانستی لێکدانەوەی واتایی مۆدێلەکاندا هەبێت، پێشبینی دەکرێت مۆدێلەکانی «Gemini» و «ChatGPT» بەهۆی گەورەیی قەبارەی داتا و کارلێکی زیاتریان لەگەڵ دەوروبەری جیاوازدا لە شیکردنەوە پراگماتیکیە کوردییەکاندا ئەنجامی باشتر و وردتر لە مۆدێلی «Claude» بەدەستبهێنن.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە **«میتۆدی پەسنی-شیکاری و بەراوردکاری»** دەبەستێت، کە تیایدا لەڕێگەی داڕشتنی تاقیکردنەوەیەکی ئامانجدارەوە، کە لە «١٢» نموونەی سیناریۆی زمانەوانی پێکهاتووە، ڕاستەوخۆ پرسیار ئاڕاستەی مۆدێلەکان بە تەکنیکی «Zero-shot prompting» کراوە، بەبێ ئەوەی پێشوەختە ڕاهێنانیان پێبکرێت، پاشان لە قۆناغی کۆتاییدا، وەڵام و داتا و شیکارییەکانی هەر سێ مۆدێلەکە کۆکراونەتەوە، پۆلێنکراون و لەڕووی ئاماری و زمانەوانییەوە بەراوردکاریان بۆ کراوە بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامە زانستییەکان.

**سنووری توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لەڕووی بابەتییەوە تەنها لە چوارچێوەی لێڤڵی زانستی پراگماتیکدایە، بەدیاریکراویش تیشکدەخاتەسەر شیکاریکردن و تاقیکردنەوەی نموونەکان لە ژێر ڕۆشنایی هەردوو تیۆریی «کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان» و «پێشێلکردنی بنەماکانی گرایس»، سەبارەت بە سنووری ئامراز و داتاکانیش تەنها کار لەسەر سێ مۆدێلی زمانیی دیاریکراو کراوە، کە بریتین لە ڤێرژنە بەردەستەکانی «Gemini All-around help» و «Claude sonnet 4.6» و «Cat gpt based on GPT-5.5»، هەروەها تاقیکردنەوەکان لەسەر زمانی کوردی «شێوەزاری سلێمانی» لەڕێگەی « ١٢» سیناریۆی داڕێژراوەوە ئەنجامدراون، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە؛ لەڕووی کاتیشەوە، کۆکردنەوەی داتاکان و شیکارییەکانی و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی ئەم توێژینەوە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی «٢٠٢٦»دا جێبەجێکراون.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:**

**توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەمشێوەیە:**

**بەشی یەکەم (چوارچێوەی تیۆری):** سەرەتا باس لە چەمکی و زانستی پراگماتیک وەک لێڤڵێکی زمانەوانی کراوە، دواتر تیشکخراوەتەسەر توانستی پراگماتیکی و تیۆرە پراگماتیکییەکان، پاشان تیۆری کردە قسەییەکان و جۆر و پۆلێنکارییەکانی خراونەتەڕوو، هەروەها لە درێژەی ئەم بەشەدا بنەماکانی گرایس و پێشێلکردنی بنەماکان باسکراوە.

**بەشی دووهەم(لایەنی پراکتیکی):** ئەم بەشە بە باسکردن و ناساندنی زیرەکی دەستکرد و مۆێلە زمانییەکانی «ChatGPT, Gemini, Claude» دەستپێدەکات، پاشان لەڕێگەی خشتەیەکی تایبەتەوە تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندنی توانستی پراگماتیکی مۆدێلەکان خراوەتەڕوو، کە تیایدا شیکاریی ورد بۆ سەجەم نموونەکان کراوە و بەراوردکاری لە نێوان مۆدیلەکاندا ئەنجامدراوە، دواتر بە وردی هەڵسەنگاندنی توانستی پراگماتیکیی مۆدێلەکان لەڕێگەی هێڵکارییەوە کراوە، لە کۆتایی توێژنەوەکەشدا دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان بە وردی خراونەتەڕوو، لەگەڵ ڕیزکردنی لیستی ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ وەرگێراوە.

**١. پراگماتیک (مەبەستناسی - Pragmatics)**

پراگماتیک لەزمانەوانیدا چەمکێکی نوێیە، زاراوەکەی یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوف "چارلز مۆریس"ەوە، لە ساڵی « ١٩٣٨»دا بەکارهاتووە، دواتریش هەریەکە لە زانایان "لوک و پێرس" گرنگیان بە تازەکردنەوەی زانستی هێما داوە، ئەم زاراوەیە لە وشەی"پراگما - Pragma"ی گریکییەوە وەرگیراوە، کە بەواتایی کارکردن، یاخود پراکتیزەکردن دێت (Levinson, 1983: 1)، پراگماتیک وەک لیڤڵ و مێتۆدێکی گرنگ و سەرەکی زانستی زمانەوانی، تیشکدەخاتەسەر لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان نیشانە زمانییەکان و بەکارهێنەرانیان لە کۆنتێکستدا، لەم ڕوانگەیەوە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار وەک "واتا لە کاتی بەکارهێناندا "یان "واتا لە چوارچێوەی دەوروبەردا "پێناسەکرا (Thomas, J. A: 2013: 18)، کەواتە؛ پراگماتیک وەک بوار و بابەتێکی پەیوەست بە زمانەوانییەوە، کار لەسەر تاوتوێکردنی بەکارهێنانی زمان "مەبەستی قسەکەر" لە پێوەندیگرتندا دەکات، لەم سۆنگەیەشەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ پراگماتیک کراوە، لەوانە: (پڕاگماتیک لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو بنەمایەیە، کە ناوێزەیی و ناپەسندییان پێوەدیارە (محەمەد مەعروف فەتاح، 2011: 188)، یاخود دەوترێت پراگماتیک لە مەبەستی قسەکەر دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەستە بە دەوروبەر و زانیاری هاوبەشی قسەکەر و گوێگرەوە (گرنگی و بایەخی پڕاگماتیک زیاتر پەیوەستە بەگرنگی دەوروبەرەوە، کە ڕۆڵی گرنگ لەگەیاندنی پەیامی قسەکەر دەبینێت، چونکە پڕاگماتیک چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانە، بەو مەبەستەی قسەکەر دەیەوێت، بەشێوەیەک قسەکەر بتوانێت زانیارییە شاراوەکانی ناو مێشکی بەهۆی کەرەستە زمانییەکانەوە بگەیێنێتە گوێگر، هاوکات پڕاگماتیک بەکارهێنانی زمانە لەدەوروبەردا، بۆ بەرژەوەندی قسەکەر (شێرکۆ حەمە ئەمین و هێمن عبدوالحەمید، 2010: 273)، کەواتە بەهۆی پڕاگماتیکەوە لەڕێگەی دەوروبەر و بەکارهێنانەوە،

وشەکان کۆد دەکرێنەوە و مەبەست و واتاکانیان دەناسرێنەوە، لەم دیدگەیەشەوە پراگماتیک بریتییەلە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان، بەمەبەستی گەیاندنی واتای شاراوە، هەروەها چەند بنەمایەکی هەرە گرنگ و پێویستی وەکو (قسەکەر، گوێگر، ڕەگەز، تەمەن، کات، شوێن، جۆری بابەت، کەلتوور، بوونی زانیاریی هاوبەش لەنێوان قسەکەر و گوێگردا سەبارەت بە بابەتی ئاخاوتنەکە)هەن، دەبێت تیایدا بەرجەستەبن، ئەگەرنا ئەوا واتای پراگماتیکی فەراهەم و دەستەبەرنابێت، هەروەها زماناسان بەردەوام جەختیان لەسەر دەرخستنی ئەو بنەما ڕووتانە کردووەتەوە، کە لە توێیە زۆر ناوەکییەکانی زماندا متبووە، بۆیە لایەنێکی گرنگی دیکەی پراگماتیک ئەوەیە، کە دەبێت تێبینی و ڕەچاوی: أ). پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ڕۆشنبیری. ب). درکپێکردن بەپێی ئەزموونکردنی تاك. پ). ئینسیکلۆپیدیای وشەکان، بکرێت، چونکە وشەکان هەم لە کاراکتەری کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە واتای پراگماتیکی خۆیان بەدەستدەهێنن، هەم درکپێکردن و ئەزموونی تاك لە جیهاندا توانای دەستکاریکردن و هەموارکردنەوەی کۆدکردنەوەیان پێدەدات، هەمیش درکپێکردنەکان بەپێی ئینسیکلۆپیدیای وشەکان تێگەیشتنی جیاواز پرۆسێسدەکەن، واتە ئینسیکلۆپیدیای وشەکان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ هەڵهێنجان و بەرهەمهێنانی واتای جۆراوجۆری پراگماتیکی، لەبەرئەوەی پراگماتیک؛ میتۆد و میکانیزمێکە سەرنجمان لەسەر بەستنەوەی زانینەکانمان بە جیهانی ئەزموونەوە چڕدەکاتەوە (بڕوانە: ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، ٢٠٢٤: ١٤٠-١٤١).

جۆرج یول دەڵێت: پڕاگماتیک تاوتوێکردنی واتایە، ئەو واتایەیی لەلایەن قسەکەر، یان (نوسەر)ەوە لێکدەدرێتەوە، هەربۆیە پڕاگماتیک زیاتر بە مەبەستی شیکردنەوەی کەسەکانەوە خەریک دەبێت، نەک بە وشە، یان ئەو دەستەواژانە، کە بەکاریاندێنن (جۆرج یول، 2016: 18)، هەروەها پڕاگماتیک بریتییەلە لێکۆڵینەوە لە نیشانکارەکان و لێکەوتەکان و گریمانە پێشەکییەکان و ڕۆنانی ئاخاوتن و کردە قسەییەکان، بۆیە ئەم زانستە زیاتر گرنگی بە مەبەستی ئاخاوتن دەدات و لێکۆڵینەوە لەواتای شاراوەی ئاخاوتنەکان دەکات، بۆ نموونە:

١. أ. پایز زۆری ماوە بێت؟

ب . هێشتا گەلاوێژ دەرنەکەوتووە.

ئەگەر بەوردی سەیری نموونەکانی «١. أ، ب» بکەین، ئەوا چەند ڕاستییەک دەبینین، ١. وەڵامی «١.ب» بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆیە و پەیوەندیی بە زانیاری هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە هەیە، چونکە هەردووکیان زانیاری ئەوەیان هەیە، کە ئەستێرەیەک بە ناوی گەلاوێژەوە هەیە و بەدەرکەوتنی ئەو ئەستارەیە پایز نزیک دەبێتەوە. ٢. کەلتووری هاوبەش لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هاتنی، یان دەرکەوتنی ئەو ئەستێرەی گەلاوێژە پەیوەستە بەکەلتووری کوردییەوە. ٣. قسەکەر و گوێگر لەڕووی پلەو پایەوە هاوشانن و زیاتر لە خەڵکی گوندەوە نزیکن و شارەزاییان لەو جۆرە دیاردانەدا هەیە، چونکە نەوەی نوێ ئەوەندە شارەزاییان لەو بابەتانەدا نییە، لەسەرێکی ترەوە، ئەگەر منداڵێک لەگەورەیەکی بپرسیبایە، ئەوا بەشێوەی (خاڵە زەحمەت نەبێت پایز زۆری ماوە بێت؟) دەبوو، وەڵامی «١. ب»ش، بەم شێوە نەدەبوو، بەڵکو لەوانەیە بیگوتبایە (پایز زۆری نەماوە بێت، چەند ڕۆژێکی ماوە). ٤. وەڵامی «١. ب» بۆ «١. أ» بابەتیە و لە یەکێتی بابەت لای نەداوە، هەرچەندە بنەمای هاریکاری بەزاندووە، بەڵام وەڵامی «١. ب» پڕاگماتیکییە و پەیوەستە بەداواکاری گوێگرەوە. ٥. کاتەکەش گونجاوە، چونکە ئەگەر لەکاتی وەرزی زستاندا ئەو پرسیارەی بکردایە، ئەوا گونجاو نەدەبوو. (بڕوانە: بابارەسول نوری ڕەسول، 2013: 91)، زانستی پڕاگماتیک زۆر فراوانە و سنورێکی دیاریکراوی نییە و گۆمەڵێک گۆشەی جیاواز لەخۆدەکرێت، هەندێک لە زمانەوانان پڕاگماتیک دەبەستنەوە بە لادان لەیاسا و دەستوور و بنەماکانی دابونەریتی کۆمەڵگا، ئەم زانستە بەستراوەتەوە بە هەڵوێستی تاکە کەسەوە و لەئەنجامی پێشێلکردن و لادان لە بنەما و دابونەریتەکانەوە سەچاوە دەگرێت.

## ١-١. توانستی پراگماتیکی - Pragmatics Competence


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

توانستی پراگماتیکی بریتییەلە توانای بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ دەوروبەر و بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، ئەم توانستە تەنها بریتی نییە لە زانینی یاسا ڕێزمانییەکانی زمان، بەڵکو بریتییەلە زانینی ئەوەی کە چۆن، کەی و بە چ مەبەستێک وشە و دەستەواژەکان بەکاربهێنرێن، لە زانستی زماندا «توانستی براگماتیکی - Pragmatic Competence» بریتییەلە توانای بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی چالاك و بەڕێگایەکی دروست لە دەوربەردا (نەوزاد ئەنوەر عومەر، 2014: 10) بەکورتی، توانستی پراگماتیکی ئەوکارامەیەیە کە وا لە قسەکەر و گوێگر دەکات لە مەبەستە شاراوەکان تێبگەن، کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان وەک، (توانج، داواکاری بە شێوەی پرسیار) شیکاربکەن و لەکاتی گفتوگۆدا ڕەچاوی دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بکەن بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتنێکی دروست بێتەئاراوە، چونکە (توانستی پراگماتیك چۆنییەتی بەکارهێنانی زانیارییەکانی زمانە لە دەوروبەردا، بە پێچەوانەی توانستی ڕێزمانەوە زگماك نییە، بەڵکو لە دەوروبەر و بارودۆخە کۆمەڵایەتیی و سیاسی و کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکانەوە وەردەگیرێت و بەهۆی داتای ئەزمونبەندانەوە لە مێشکدا دەچەسپێت، هەروەها پەیوەستە بە یاساکانی ڕێککەوتن، ئەو یاسایانەی کۆمەڵ لەسەری کۆکە بۆ بەکارهێنانی دەربڕاوێکی میتافۆر بۆ کردەی لێکگەیشتن)(تریفە عومەر ئەحمەد، 2008: 35)، ئەمەش بەو واتایە دێت، ئەم توانایە، بە پێچەوانەی بۆچوونی (چۆمسکی) بۆ توانستی ڕێزمانی کە بە زگماکی دادەنرێت، لێرەدا دەسەلمێنرێت، کە پراگماتیک لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئەزموونەوە فێردەبین و بە تەواوی پشت بە ڕێککەوتنی کۆمەڵگە دەبەستێت.

توانستی پراگماتیکی ئەو توانایە بە قسەکەر دەبەخشێت، کە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا بەردەوام لە پەیوەندی کردندا بێت، هەروەها توانا شاراوەکانی قسەکەر لە هەڵوێست و دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەخاتەڕوو، جگە لەوەش هەر توانستی پراگماتیکییە، کە ئەو توانایە بە قسەکەر دەبەخشێت لە ڕستەیەکی پرسدا، کە واتای داواکردن، یان فەرمانکردن بگەیەنێت، تێبگات و کاردانەوە و وەڵامی گونجاوی بەپێی دەوروبەر بۆ بابەتەکە هەبێت (دارا حەمید محەمەد، 2012: 19)، کەواتە ئەم توانستە یارمەتی مرۆڤ دەدات لە کاتی ئاخاوتندا و لە پەیوەندیکردندا بەردەوام ببێت و بەکۆڵەکەی بنەڕەتی و داینەمۆیی بەرهەمهێنانی تێگەیشتن لە واتای شاراوەی کردە قسەییەکان ئەژماردەکرێت، بەمشێوەیە، توانستی پراگماتیکی دەبێتە پردێکی بەهێز لەنێوان پێشبینییە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگە و کردە زمانەوانییەکانی تاکدا، لەمڕوانگەی توانستی پراگماتیکی؛ توانای زیرەکیی و لێهاتوویی و کارامەیی و توانای تێکردە و دەرکردەی ڕستە و دەربڕینی زمانیی تاک دەردەخات، ئەمە جگەلەوەی توانای لێکدانەوە و هەڵهێنجان و ئەفراندنی دەربڕاوی وەهای پێدەبەخشێت، کە هەڵگری ڕەهەندی پراگماتیکیی بەهێزبن، بەمپێیە توانستی پراگماتیکی وابەستە بە توانستی زمانەوە، توانستی مرۆڤ لە پرۆسەی بەکاهێنانی زمان و پەیوەندیکردن دیاریدەکات، هەروەها شیکردنەوە و لێکدانەوە و لەیەکگەیشتنی دروست و گونجاو دێنێتەبەرهەم، بەوپێیەی توانستی پراگماتیکی لە بەرئەنجامی ئاوێتەبوون و کارلێکی کۆی توانستی سیمانتیکی و توانستی ڕێزمانی، لەگەڵ ژینگەی دەرەوەی زمان وەک ڕەهەندەکانی چواچێوەی ڕستە و دەبڕینەکان و پاشخانی زانیاریی مەعریفی پێکدێت.

**١-٢. تیۆرە پراگماتیکییەکان**

تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی پراگماتیک لە شیکاریی ڕستە و دەربڕاوەکانی زماندا، وەک بابەتێکی گرنگ و پێویستییەکی سەرەکیی زمانەوانیی هاوچەرخ تەماشادەکرێت، چونکە زمان تەنها کەرستەیەکی ڕێزمانیی بێگیان نییە، بەڵکو کردەیەکی پەیوەندیدارە بە ئامانج و بارودۆخی دەوروبەرەوە، واتە وشەکان بەپێی ئامانجی ئاخێوەر و پێگەی کۆمەڵایەتی و جۆری بابەت و بارودۆخی ئاخاوتنەکە واتای نوێ وەردەگرن، لەمسۆنگەیەوە بەپێی پێویستی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکەمان لە وێستگە و تەوەرەکانیدا ئاماژە بە کۆمەڵێک لە دیاردە و چەمکە پراگماتیکییان دەدەین، کە ڕۆڵی سەرەکی و بنچینەیی دەگێڕن لە دروستکردنی واتادا، هەربۆیە لە پێناو تێروتەسەلکردنی ئامانجە زانستییەکانی ئەم توێژینەوەیە وگەیشتن بە شیکارییەکی گشتگیرتر، لەم بەشەی خوارەوەدا تیشکدەخەینەسەر کۆمەڵێک دیاردە و تیۆری پراگماتیکیی بنەڕەتیی،

که پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بازنەی بابەتەکەمانەوە هەیە، کە بریتین لە: (کردە قسەییەکان - Speech Acts، بنەمای هاریکاری گرایس - Grice's Cooperative Principle).

**١-٢-١. کردە قسەییەکان - Speech Acts**

کردە قسەییەکان وەک تیۆر و بابەتێکی گرنگی پراگماتیکی سەرەتا لەشێوەی پرسیارێک لەلایەن زمانەوانی ئینگلیزی «جۆن ئۆستن - John Austin»ەوە گەڵاڵەبوو، پرسیارەکەش بریتیی بوو لە «چۆن بەقسە، کردار ئەنجامبدەین – How to Do Things with Words»، دواتر لە ساڵی « ١٩٥٨»دا، بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەیەکی زمانەوانیدا باسکرا، دوای کۆچیدوایی ئۆستینیش لە ساڵی « ١٩٦٢» لەشێوەی کتێبێکدا بڵاوکرایەوە، ئۆستین بە لێکۆڵینەوە لەو بۆچوونە دەستیپێکرد، کە دەڵێت: دەربڕینی ڕاستییەکان دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان شیاوی سەلماندن (پشتڕاستکردنەوە) بن، یەکێک لەو تیۆرە زمانەوانییانەی کە لە بواری زانستی پراگماتیکدا گرنگییەکی زۆری هەیە، «تیۆری کردە قسەییەکان - Speech Act Theory»ە، ئەم تیۆرە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە ئاخاوتن تەنها گواستنەوەی زانیاریی نییە، بەڵکو ئەنجامدانی کردەیە، هەربۆیە بە تیۆرییەکی فەلسەفی و ڕێگەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە و ناسینی کارکردنی زمان دادەنرێت (Fairclough, N, 1995: 7)" دواتریش ژمارەکی زۆر لە زمانەوانانی فەلسەفەی زمان چەندین پۆلێنیان بۆ کردە قسەییەکان کردووە، لە نێوانیاندا (سرێل، ڤاندرڤیکین، لیچ، باخ و هارنیش...تد) دەتوانین بڵێن پۆلێنکردنەکەی (سرێل) لە هەموویان پوختتر و تەواوتر و سەرکەوتوترە، چونکە (پشت بە هێزی ڕەوانبێژی کردەکان دەبەستێت و کردەکان وابەستەدەکات بە کەتوارەوە، یان بە پێچەوانەوە لە هەردوو حاڵەتیشدا توانای گوتنەکان دەخاتەڕوو لە پیشاندانی کەتواردا، کە ئەمە ئەرکی کردە قسەییەکانە (دارا حەمید محەمەد، 2012: 102).

تێڕوانینە زمانەوانییە مۆدێرنەکان، لەگەڵ وەرچەرخان و گەشەکردنی پارادایم و ئاڕاستەی توێژینەوەکان لە زانستی زمانەزانیی سەردەمدا بایەخێکی زۆریان خستووەتەسەر تاوتوێکردنی ئەم بابەتە، بە جۆرێك بووەتە یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی زانستی پراگماتیکی و پێگە و ڕووبەرێکی بەرفراوانی لە تیۆر و شیکاریی زمانەوانیی هاوچەرخەدا داگیرکردووە (نەزیرە سابیر مستەفا، 2018: 57)، لە ڕوانگەی تیۆری کردە قسەییەکانەوە، هەر دەربڕینێک کە لەلایەن قسەکەرەوە بەرهەمبهێنرێت، ئەوا هەڵگری دوو ئاستی جیاوازە لە واتا: (ئاستێکی ڕووکەشی ئاشکرا و ئاستێکی قووڵی شاراوە)، ئەم واتا شاراوەیە بە تەواوی وابەستەی دەوروبەری دەربڕینەکە، دۆخی کۆمەڵایەتی، و پاشخانی کەلتوورییە، لە زۆر حاڵەتدا ئەوەی بە شێوەیەکی پیتی و زارەکی دەگوترێت، جیاوازە لەو مەبەستە ڕاستەقینەیەی کە قسەکەر لەپشت وشەکانەوە دەیگەیەنێت، بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستە شاراوەیەش، یارییێکردنی زمانی، هێزی دەربڕینەکە و ئاوازی ڕستەکە ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دەبینن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕستەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە بکەین:

٢. سوپاستدەکەم، فریامکەوتی.

وەک دەبینین لە ڕستەی «٢»دا لەپاڵ هەواڵگەیاندنەکەدا کردارێکیش ئەنجامدراوە، کە سوپاسگوزارییە و لەهەمان کاتیشدا بە ئەنجام گەیاندنی کردارەکەشە، واتە گوتنەکە و کارەکە بەیەکەوە ئەنجامدراون، ئەم ڕستەیە بەپێی دەوروبەری جیاواز، چەند واتایەک دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەگەر خوێندکارێک بەخوێندکارێکی تر بڵێت، ئەوا ئەو واتایانەی خوارەوە دەگەیەنێت:

ا. یارمەتیداوە لە تاقیکردنەوەدا.

ب. یارمەتیداوە لە تێگەیشتنی بابەتێکدا.

پ. ڕاستییەکی زانیوە، بەڵام بە مامۆستا، یان بە باوکی نەوتووە (دارا حەمید محەمەد، 2012: 53)، بەڵام ئەگەر ڕستەی «٢» دوکاندارێک بە دوکاندارێکی تر بڵێت، یان پاسەوانێک بە گەورەکەی بڵێت، یاخود ڕاوچییەک بە ڕاوچییەک بڵێت، ئەوا کۆمەڵێک واتای دیکە بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان دەگەیەنێت.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بەوە داوە، کەوا لە چوارچێوەی تیۆری کردە قسەییەکاندا، پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتا لە ئاخاوتندا لەسەر دوو ئاستی جیاواز کاردەکات؛ واتای ئاشکرا و واتای شاراوە، واتای ئاشکرا پشت بە کەرەستە زمانەوانییە ڕووتەکان دەبەستێت و سەربەخۆیە لە دەوروبەری قسەکردن، وەکو لە ڕستەی (بڕیارمداوە جگەرە نەکێشم)دا دەردەکەوێت، کە پەیامەکە ڕاستەوخۆ و بێ گرێیە، کەچی لە بەرامبەردا، واتای شاراوە بە تەواوی لەژێر هەژموونی دەوروبەر و بارودۆخی دەربڕینەکەدایە و زۆرجار بۆ گەیاندنی مەبەستە ناڕاستەوخۆکانی وەک (هەڕەشەکردن، سوپاسگوزاری، یان پرسیارکردن و ... هتد) بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە، لە ڕستەی (هەورەکەی زۆر چڕە)، بەپێی پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر مەبەستەکەی دەگۆڕێت؛ لە نێوان دوو گەشتیاردا جۆرە واتایەک دەگەیەنێت، کە ڕەنگە بۆ خۆپارێزی بێت، یان بۆ ترس و دڵەڕاوکێ بێت، هەروەها لە نێوان دوو جوتیاردا واتاکەی تەواو جیاوازە، کە ڕەنگە بۆ دڵخۆشی بێت، ئەم لادانە لە واتای پیتی ڕستەکان، ئۆستنی هاندا کە چەمکی (هەڵەی وەسفی) دابهێنێت، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە زمان تەنها ئامرازێکە بۆ پەسنکردنی کەتوار.

**١-٢-١-١. جۆرەکانی کردە قسەییەکان**

کردەی قسەیی ئاماژەیە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کردەیەک لەڕێگەی ئاخاوتنەوە، لەم دیدگەیەوە (ئۆستن) لە باسکردنی تیۆری کردە قسەییەکاندا چوار جۆری دیاریکردووە، کە بریتین لە: (کردەی قسەیی ڕاپەڕاندن، کردەی قسەیی ڕانەپەڕاندن، کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ، کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ)(سەرچاوەی پێشوو، 2012: 67).

**یەکەم: کردەی قسەیی ڕاپەڕاندن - Per formative :** هەموو ئەو جۆرە گوتن و دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە کردارەکانیان واتایی ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی کارێک دەگەیەنن، واتە خودی گوتنەکە ئەنجامدانی کارێک دەبێت، ئەم جۆرەی کردەی قسەیە بەزۆری (بەڵێدان، سوێندخواردن، سوپاسکردن، ناونان و . . . هتد) دەگرێتەوە (باباڕەسول نوری ڕەسول، 2013: 107)، وەک:

٣. بەڵێندەدەم، کە جگەرە نەکێشم.

٤. ئەوا یاریگاکەم ناونا شەهید هاپۆ.

مەرج و پێوەرەکانی ئەم جۆرە کردە قسەییە بریتین لە:

١. دەبێت دەربڕینەکە کردارێکی ڕاپەڕاندن لەخۆبگرێت، کە واتای ڕاستەوخۆ بپێکێت.

٢. مەرجە ئاخێوەر کەسی یەکەمی تاک، یاخود کۆ بێت، بەجورێک کردەی ڕاپەڕاندن لەلایەن خودی ئاخێوەرەوە ئاڕاستەبکرێت.

٣. پێوستە ئەم جۆرە کردە قسەییانە لە تافی ڕانەبردوو (کات و ساتی ئێستا)دا دەربڕدرێن.

٤. ئەو ڕستە و دەربڕینانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەم جۆرە کردە قسەییانەوە شیاوی پێوەری ڕاستی و ناڕاستی نین، چونکە پەسنی (وەسفی) نین، بەڵکو تەنها نرخیان بۆ دادەنرێت.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە، ئەگەر یەکێک لەو چوار پێورانە لە ڕستە و دەربڕینەکاندا نەهاتەدی، ئەوا کردەی قسەیی ڕاپەڕاندن فەراهەم و بەجەستە نابێت.

**دووهەم: کردەی قسەیی ڕانەپەڕاندن - Constative:** ئەو کردە قسەییانەن، کە مەرجێک، یان زیاتری ڕاپەڕاندنیان تیادا نابێت(قەیس کاکل تۆفیق، 1995: 46)، واتە کردەی قسەیی ڕانەپەڕاندن ئەو دەربڕینە زمانییانە دەگرێتەوە، کە تیایدا گوتنی دەقەکە یەکسان نییە بە ئەنجامدانی ڕاستەوخۆی کردەکە، بەڵکو تەنها پەسن، یان گواستنەوەی زانیاری و هەواڵێک دەهێننەئاراوە، لە کردەی ئاخاوتنی پەسنکاریدا، ئاخێوەر بە دەربڕینی ڕستەکە خۆبەخۆ و لەهەمان کاتدا کردارەکە جێبەجێناکات، بەڵکو ئاماژە بە ئەنجامدانی کارێک لە ڕابردوو، داهاتوو، یان ڕاستییەکی دەرەکی دەکات (واتە ڕستەکە خاوەنی خاسیەتی پەسنکارییە، نەک ڕانەپەڕاندن و بەجێهێنان)، جگە لەوەش، ئەم جۆرە کردانە ئەو کاتە دێنەئاراوە، کە مەرجە سەرەکییەکانی کردەی ڕانەپەڕاندن ئامادەیان نەبێت، بەمەش دەربڕینەکە

شیاوی ئەوە دەبێت بڕیای «ڕاست» یان «هەڵە»ی بەسەردا بدرێت، چونکە ئەگەر کارەکە لەگەڵ جۆری وەسفەکەدا بگونجێت ئەوا ڕاست دەبێت، بەپێچەوانەشەوە، گەر کارەکە نەگونجێت لەگەڵ جۆری وەسفەکەدا ئەوا کردەیەکی ناڕاست دروستدەبێت، هەروەها ئەوەی جێگەی ئاماژەیە؛ لە کردەی قسەیی ڕانەپەڕاندندا قسەکەر ڕاستەوخۆ کارەکە ئەنجامنادات، بەڵکو دواتر ئەنجامیدەدات، وەک:

٥. براکەم هاوکاریتدەکات.

لەم نموونەی «٥»دا کردەکە ڕانەپەڕێندراوە و قسەکەر کردەکەی ئەنجامنەداوە و هەڵنەساوە بە ئەنجامدانی کردارەکە، بەڵکو تەنها وتەیەکە، هەربویە دەگونجێت بڕیای «ڕاست» یان «هەڵە»ی بەسەردا بسەپێنرێت.

**سێهەم: کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ:** ئەم جۆرە کردە قسەییانە ئەو دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە تیایاندا مەبەستی واتا سەرەکییەکان و مەبەستی کردە قسەییەکە یەکسان و هاوتان، بە واتایەکی دیکە، کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ بریتییە لەو کردانەی، کە تیایدا ڕێککەوتن و هاوتاکەوتنی ڕاستەوخۆ لە نێوان مەبەستی گوتنەکە و مەبەستی کردە قسەییەکەدا هەیە و هەمان شتن، کەواتە لەمجۆرەی کردە قسەییەدا پەیوەندیی و پەیوەستی و ڕێکەوتنێکی تەواو لەنێوان جۆری ڕستەکە و مەبەستی کردە قسەییەکەدا هەیە (محەمەد مەعروف فەتاح، 2011: 211)، لەم گۆشەوە دەکرێت بوترێت، وەک بنەمایەکی زمانیی، مەبەستی ڕستەی هەواڵی بۆ گەیاندنی زانیارییە و مەبەستی ڕستەی پرسیاری بۆ بەدەستهێنانی وەڵامە و مەبەستی داواکاری بۆ داواکردن و جێبەجێکردنی کارێک بەکاردێت، وەک لە نموونەکانی «٦، ٧»دا دیارەدەکەوێت:

٦. مووچەی ئەم مانگەی فەرمانبەران خەرجنەکراوە. (مەبەستی گەیاندنی زانیارییە).

٧. کەی پەرلەمانی کوردستان دادەنیشێت؟ (مەبەستی ڕستەی پرسیاری بۆ بەدەستهێنانی وەڵامە).

**چوارەم: کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ:** بریتییە لەو جۆرە کردە قسەیەیی، کە تیایدا مەبەستی قسەکەر بە ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر، لێرەدا پەیوەندیی لە نێوان فۆمی ڕستە و دەربڕینەکان و ئەو مەبەستەی کە ئاخێوەر دەیەوێت گوزارشتی لێبکات چونیەک نین، بەمپێیە لە کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا، مەبەستی ئاخێوەر لەڕێگەی ئاماژە و نیشانەی لاوەکییەوە دەگاتە گوێگر، بە جۆرێک هیچ جۆرە هاوتاکەوتن و ڕێککەوتنێک لە نێوان فۆرمی ڕێزمانیی ڕستەکە و مەبەستی کارایی ئاخێوەردا ئامادەیی نییە، لەمجۆرە کردە قسەییەدا ئاخێوەر ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بگەیەنێت، واتە بونیادی تەکنیکیی ڕستەکە جیاواز دەبێت لەو واتا و مەبەستەی کە ئاخێوەر مەبەستیەتی بیپێکێت، لە بارێکی وەهادا، گوێگر لەڕێگەی پەیبردن بە بارودۆخی ئاخاوتنەکە (Context of Situation)دەگاتە مەبەستی شاراوەی ئاخێوەر، بەم شێوەیە، مەبەستی گوتنەکە و پێکهاتەی ڕستەکە لە یەکتر جودا دەبنەوە و هێزێکی ڕوانبێژی و کۆمەڵایەتی/دەروونی دەچێتە پاڵ ڕستەکە، کە ئەرکی گەیاندنی مەبەستەکە دەگێڕێت، ئەم خاسیەتەی گوتنە تەنها تایبەتێتی زمانی کوردی نییە، بەڵکو لە زۆربەی زمانە مرۆییەکاندا دیاردەیەکی بەرچاو و باوە، کەواتە؛ بەشێوەیەکی گشتی (هەرکات پەیوەندی نێوان ڕۆنان و ئەرکەکەی ناڕاستەوخۆ بێت، ئەوا بە کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ ناودەبرێت)(جۆرج یول، 2016: 95)، بویە مەبەستی قسەکەر لەگوتندا زیاتر لەڕێگەی ئاوازی ڕستەکە و دەوروبەرەوە دەستنیشاندەکرێت، لەوانەیە: ڕستەکە لەڕواڵەتدا (پرس) بێت، بەڵام لەناوەڕۆک و مەبەستدا دەشێت (گلەییکردن، نارەزایی، پرس، توانج و . . . هتد) بێت (باباڕەسول نوری ڕەسول، 2013: 107)، لێرەدا چاوەڕێی وەڵام لە گوێگر ناکرێت، وەک:

٨. چێشتەکە زۆر سویرە.

ئەگەر کەسێک لە کاتی نانخواردندا ئەم ڕستەیە بە خێزانی بڵێت، هەرچەندە ئەم ڕستەیە لەڕواڵەتدا ڕستەیەکی هەواڵییە، کەچی مەبەستی (نارەزاییدەربڕین، گلەییکردن، یان توانجلێدان) دەگەیەنێت،

هۆکاری بەکارهێنانی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ لە دەربڕیندا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی لەوانە (پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کێشە و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و باری دەروونیی قسەکەر و جیاوازی هەریەکێك لەم فاکتەرانە دەبنە هۆی هاتنەئارای چەند شێوازێکی جیاوازی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ بۆ دەربڕراوێك (ناز ئەکرەم سەعید، 2013: 40).

**١-٢-١-٢. پۆلێنکردنی کردە قسەییەکان**

کردە قسەییەکان چەند پۆلێنێکی جیاوازی بۆ کراوە، سەرەتا دامەزرێنەری تیۆرییەکە (ئۆستن) بەمشێوەیە کردە قسەییەکانی پۆلێنکردوە (کردەی قسەیی بڕیاردان Verdictives ، کردەی قسەیی داخوازی Exerctives ، کردەی قسەیی پەیوەست Commissives ، کردەی قسەیی ڕەفتار Behabitives، کردەی قسەیی گفتوگۆ Expositive) (قەیس کاکل تۆفیق، 1995: 54)، دواتریش زمانەوان و فەیلەسوفی زمان (سرێل) پۆلێنێکی تری بۆ کردە قسەییەکان خستەڕوو و کردەکان وابەستەدەکات بە کەتوارەوە، یان بە پێچەوانەوە، کە ئەمە ئەرکی کردە قسەییەکانە، (سرێل) پۆلێنی کردە قسەییەکان بەمشێوەیە دەستنیشانکردووە:-

١- **کردەی نواندن - Representatives:** ئەو جۆرە کردە قسەیانەن، کە قسەکەر لەرێیانەوە جیهان بەو جۆرەی هەیە، یان قسەکەر خۆی باوەڕی پێیەتی پیشاندەدات، ڕاستی و ناڕاستی لە دەربڕینەکاندا نابن بە مەرج، چونکە کردە قسەییەکانی ئەم چەشنە گوزارشت لە دۆخێک، یان حاڵەتێک دەکەن، کە ڕاست بێت، یان ناڕاست کێشە بۆ پۆلێنکردنەکە دروست ناکات، هەربۆیە لەمجۆرەدا گوتنی ڕاستی، پشتڕاستکردنەوە، ئەنجام، وەسفکردن دەخرێتەڕوو، واتای پراگماتیکی دەربڕاوەکانیش بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان لێکدەدرێتەوە و دەکرێت چەندین مەبەستی جیاجیا بگەیەنێت (Searle, J. R, 1979: 14).

٢- **کردەی ئاڕاستەکردن - Directives:** ئەو جۆرە دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندی بە توانا و لێهاتوویی و کارامەیی و پسپۆری قسەکەرەوە هەیە، وەك: (بڕیاردانی یاسایی، پایە بەخشین، هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردن، دانپیانان و . . . هتد)(قەیس کاکل تۆفیق، 1995: 53)، لێرەدا دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت، کە دەبێت کەسی قسەکەر و بڕیاردەر ئەو دەسەڵاتەی هەبێت کاتێک کە بڕیارێک دەردەکات، چونکە دەبێت بەجێهێنانی کردارەکە لە توانای کەسی قسەکەردا بێت، ڕاستگۆیی لە بڕیارداندا مەرجی بنەڕەتی ئەنجامدانی کارەکەیە.

٣- **کردەی پابەندبوون - Commissives:** ئەو کردانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر بەڵێنێکی ڕەفتاری دیاریکراو دەدات و خۆی ئامادەدەکات بۆ چالاکییەك، کە لە ئایندەدا جێبەجێیدەکات، ئەو کردەیەی دەریدەبڕێت مەبەستی سەرەکی قسەکەرە پەیوەست دەبێت بە کارەکەوە وەکوە: (بەڵێن، سوێند، پابەندبوون بە شتێك، هەڕەشەکردن)(جۆرج یول، 2016: 94)، ئەم کردەیە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە قسەکەر و گوێگرەوە هەیە، مەرجی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی بەشێکی سەرەکی و گرنگە بۆ بەجێگەیاندنی کردەکە.

٤- **کردەی هەست دەربڕین - Expressives:** ئەمجۆرە کردە قسەییە بۆ دەربڕینی باری دەروونی، یان هەست و سۆز، یاخود هەڵوێستی تاکە کەسیی قسەکەر سەبارەت بە دۆخێک، یان کەسێک، یاخود ڕووداوێک بەکاردەهێنرێت، لەمجۆرەدا هەوڵ بۆ گۆڕینی کەتوار نادرێت، یاخود کەسی بەرامبەر ناچار بە ئەنجامدانی کارێک ناکرێت، بەڵکو تەنها ئەرکی ئاشکراکردنی ناخی قسەکەر لەخۆدەگرێت، لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە (Huang, Y, 2014: 127)، گرنگترین ئەو کردارانەی دەکەونە ئەم پۆلێنەوە بریتین لە: (سوپاسکردن، داوایلێبوردنکردن، پیرۆزباییکردن، سەرەخۆشیکردن، خۆشحاڵبوون، و دەربڕینی پەشیمانی)، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە؛ مەرجی دڵسۆزی یەکێکە لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئەمجۆرە کردەیە، چونکە قسەکەر بۆ مەبەستی پیشاندانی بۆچونەکانی لە کاتی قسەکردندا پەنا بۆ ئەمجۆرە کردانە دەبات.

**٥- ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە - Declaratives:** لەمجۆرەدا قسەکەر بارودۆخێکی نوێ بە گوێگر ڕادەگەیەنێت، لێرەدا مەرجە قسەکەر توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی هەبێت، کە ڕایدەگەنێت، واتە کردە قسەییەکە و گوتنەکە، یەکسان و بەرامبەر دەبن، چەشنی ئەم کردە قسەییانە بە تەنها گووتن و دەرچوونیان لە دەمی قسەکەرەوە، ڕاستەوخۆ گۆڕانکارییەکی واقیعی لە جیهاندا دروستدەکەن و دەبێت قسەکەر دەسەڵاتی یاسایی، یان ئایینی، یاخود کۆمەڵایەتیی تەواوی هەبێت بۆ گوتنی ئەم ڕستانە و دەبێت لە دەوروبەرێکی گونجاودا بگوترێن (Searle, J. R.,1976: 13)، بۆ نموونە کاتێک دادوەرێک دەڵێت "تۆ تاوانباریت"، یان مامۆستای ئایینی دەڵێت "ئێوەم لە یەکتر مارەبڕی"، یاخود بەڕێوەبەرێک دەڵێت "تۆ لە کارەکەت دەرکرایت"؛ لێرەدا قسەکان تەنها پەسنی دۆخەکە ناکەن، بەڵکو خودی قسەکە، خودی کردارەکە دروستدەکات و واقیع و بارودۆخی کەسەکان دەگۆڕێت.

**١-٢-٢. بنەمای هاریکاریی گرایس - Grice's Cooperative Principle**

بنەماکانی هاریکاری، یان «مەگزیمەکانی گرایس - Grice's Maxims» یەکێکن لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی زانستی پراگماتیک لە زماندا، کە لەلایەن فەیلەسووفی زمان «پۆل گرایس - Paul Grice»ەوە لەساڵی (١٩٧٥)دا دارێژراون، ئەم تیۆرە لەسەر ئەو پێشگریمانەیە بنیاتراوە، کە بەشداربووانی پرۆسەی گفتوگۆ بە شێوەیەکی ئاسایی و بەپێی نەریت، هاوکاریی یەکتر دەکەن، بۆ ئەوەی لە مەبەستی یەکتری تێبگەن، کە ئەمەش بە «بنەماکانی هاریکاری - Cooperative Principle» دەناسرێت، هاریکاری نێوان قسەکەر و گوێگریش بەندە بەچەند مەگزیمێکەوە، بەپێی ئەو بنەمایانە جۆر و چۆنییەتی و شێواز و بڕی زانیاری هەر دەربڕینێک لەئاخاوتنی ئاساییدا دەبێت بەپێی پێویست بێت، (باگوتنەکە هێندەبێت و لەشوێن و کاتی خۆیدا بێت و بەو جۆرە بێت، کە ئاخاوتنەکە دەیەوێت)(Grice, P, 1975: 45) گرایس چوار ڕێسا، یان «چوار مەگزیم»ی دیاریکردووە بۆ بەدیهێنانی ئەم سەرکەوتنە لە پەیوەندیکردندا، کە پێویستە قسەکەر ڕەچاویان بکات، چونکە بەلایەوە لە کاتی پابەندبوون بەم ڕێسایانەوە، ئاخاوتن ڕوون و ڕاستەوخۆ دەبێت، بەڵام کاتێک قسەکەر بە مەبەست پێشێلیاندەکات، یان لێیان لادەدات، ئەوا واتایەکی شاراوە و هەندێکجار لێڵی و تەمومژی دروستدەبێت، کە دەبێت گوێگر لەڕێگەی دەوروبەر و زیرەکی و شارەزایی زمانیی و پەیبردن و درککردن و ئەزموون و دنیابینی خۆیەوە شیکاریی بۆ گوتنەکان بکات.

**یەکەم: مەگزیمی چۆنییەتی - Maxim of Quality**

مەگزیمی چۆنییەتی جەخت لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و دروستیی زانیاری لە ئاخاوتندا دەکاتەوە، بەپێی ئەم ڕێسایە، پێویستە قسەکەر خۆی بەدووربگرێت لە گوتنی شتێک کە دەزانێت ڕاست نییە، یان گوتنی شتێک کە بەڵگەی پێویستی بۆ سەلماندنی لەبەردەستدا نییە، (تەنها ئەوە بڵێ، کە ڕاستە و بەڵگەت هەیە بوی، شتێك مەڵێ، کە گومانت لێی هەیە)(ئاڤێستا کەمال مەحموود، 2006: 68)، لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا، ئەم مەگزیمە پەیوەندییەکی توندی بە ئاستی باوەڕپێکراوی دەربڕینەکانەوە هەیە، کاتێک قسەکەر بە مەبەست ئەم بنەمایە پێشێلدەکات، بۆ نموونە بەکارهێنانی قسەیەکی پێچەوانەی ڕاستی، ئەوا زمان لە قاڵبە پیتییەکەی دەردەچێت و دیاردە پراگماتیکییەکانی وەک (توانج، خوازە، زیادەڕەوی و . . . هتد) بەرهەمدەهێنێت، کە ئامانج لێیان گەیاندنی پەیامێکی قووڵترە لەوەی بە ڕووکەش دەگوترێت.

**دووهەم: مەگزیمی چەندییەتی - Maxim of Quantity**

مەگزیمی چەندییەتی تایبەتە بە ڕادە و بڕی ئەو زانیارییەی کە لە پرۆسەی گفتوگۆدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، ئەم ڕێسایە داوا لە قسەکەر دەکات، کە بەپێی پێویستیی دۆخەکە و داواکاریی پرسیارەکە زانیاری پێشکەشبکات، واتە نە زانیارییەکە ئەوەندە کەم بێت، کە پەیامەکە کورت بهێنێت و گوێگر لێی تێنەگات، نە ئەوەندەش زۆر و درێژدادڕ بێت، کە لە پێویستیی دەوروبەرەکە تێپەڕبکات و ببێتە هۆی لادان (گوتنەکەت هێندە زانیاریبەخش بێت، کە پێویستە، گوتنەکەت زانیاری زیاتر نەبەخشێ لەوەی، کە پێویستە)(ئاگرین شەوکەت و ئەوانی تر...، 2021: 12)، پێشێلکردنی ئەم بنەمایە وا لە گوێگر

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ١٠

دەکات، بەدوای مەبەستێکی شاراوەدا بگەڕێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی قسەکەر خۆی لە پێدانی وەڵامی گونجاو و پێداویستیی دەوروبەرەکە دەدزێتەوە.

**سێهەم: مەگزیمی پەیوەست/ پەیوەندیی - Maxim of Relevance**

مەگزیمی پەیوەست یەکێکە لە گرنگترین ڕێساکانی گرایس، کە بنەماکەی تەنها لەسەر یەک پێوەر وەستاوە: (پەیوەندیدار، یان پەیوەستبوون بە بابەتەکەوە) بەپێی ئەم بنەمایە، پێویستە ئەو قسەیەی دەکرێت، یان ئەو زانیارییەی دەگەیەنرێت بە گوێگر بەتەواوی "وابەستە و پەیوەندیدار" بێت بەو بابەتە، یان ئەو دۆخەی کە گفتوگۆکەی تیادادەکرێت، واتە دەبێت قسەکەر زانیارییەک پێشکەشبکات، کە خزمەت بە ئاراستەی گفتوگۆکە بکات و لە مەبەست لا نەدات، لە ڕووی شیکاریی پراگماتیکییەوە، کاتێک قسەکەرێک بە مەبەست ئەم بنەمایە پێشێلدەکات و وەڵامێکی تەواو ناپەیوەندیدار دەداتەوە، یان لەپڕ بابەتەکە دەگۆڕێت، ئەوا درک بەوە دەکرێت، کە مەبەستێکی شاراوە (Implicature)ی هەیە، بۆ نموونە: ڕەنگە قسەکەر بیەوێت خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی نەخوازراو بدزێتەوە، یان بۆ هەر مەبەستێکی بێت(Levinson, S. C, 1983: 103)، لادان لەم ڕێسایە، وەک گۆڕینی کتوپڕی بابەتی قسەکردن، یان پێدانی وەڵامێک کە لە ڕووکەشدا هیچ پەیوەندییەکی بە پرسیارەکەوە نییە، ستراتیژییەکە قسەکەران زۆرجار بەکاریدەهێنن بۆ خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ، یان گەیاندنی ئاگادارکردنەوەیەکی شاراوە بەبێ بەکارهێنانی وشەی زەق و ئاشکرا.

**چوارهەم: مەگزیمی شێواز - Maxim of Manner**

مەگزیمی مانەر، یان شێواز، بە پێچەوانەی سێ مەگزیمەکەی پێشووەوە، کە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە: (چی دەگوترێت)، سەرنجدەخاتەسەر ئەوەی کە پەیامەکە (چۆن دەگوترێت)، بەپێی ئەم بنەمایە، پێویستە قسەکەر لە کاتی دەربڕیندا ڕوونبێت، خۆی لە بەکارهێنانی دەستەواژەی لێڵ و تەمومژاوی و ئاڵۆز بپارێزێت، فرەواتایی و نادیاری دروستنەکات، هەروەها قسەکانی کورت بن و بە ڕیزبەندییەکی لۆژیکی و دروست یەک لە دوای یەک بێن، (ڕوون بدوێ و خۆ بپارێزن لە دەربڕینی تەمومژاوی و لێڵ، پوخت بدوێ و ڕیزبەندی گوتنەکانت ڕەچاوبکە)(جۆرج یول، 2016: 70)، هەرکاتێک قسەکەر بە مەبەست دەربڕینەکانی ئاڵۆزبکات، یان ڕیزبەندیی ڕووداوەکان تێکبدات، ئەوا ئەم مەگزیمە پێشێلدەکات، کە زۆرجار ئامانج لێی شاردنەوەی زانیارییە، یان گەیاندنی پەیامێکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کە تەنها گوێگری مەبەستدار لێیتێدەگات.

**١-٢-٢-١. پێشێلکردنی مەگزیمەکانی گرایس - Non-Observance of Grice's Maxims**

گرایس ئاماژە بەوە دەکات، کە بەشداربووی گفتوگۆ هەمیشە ناتوانێت، یان نایەوێت بە تەواوی پابەندی مەگزیمەکان ببێت، بۆیە چوار ڕێگای جیاواز دەستنیشاندەکات، کە قسەکەر لەڕێگەیانەوە مەگزیمەکان جێبەجێناکات، کە بیتیین لە:

**یەکهەم: پێشێلکردنی شاراوە - Violation:** لەمجۆرەدا قسەکەر بەمەبەست و بە شێوەیەکی نادیار مەگزیمێک پێشێلدەکات بەبێ ئەوەی گوێگر هەستی پێ بکات، بەپێی بۆچوونی گرایس، لەم دۆخەدا قسەکەر زۆرجار مەبەستی "چەواشەکردن و درۆکردنە" (Mislead).

**دووهەم: پاشەکشێکردن یان خۆدزینەوە - Opting out:** لێرەدا قسەکەر بە ئاشکرا دەڵێت کە نایەوێت، یان ناتوانێت لە گفتوگۆکەدا هاوکاریبکات و پابەندی مەگزیمەکان نابێت، بۆ نموونە کاتێک دەڵێت: "ناتوانم هیچی تر بڵێم، لێوەکانم داخراون".

**سێهەم: پێکدادانی مەگزیمەکان - Clash:** لەم حاڵەتەدا قسەکەر ڕووبەڕووی دۆخێک دەبێتەوە، کە ناتوانێت یەکێک لە مەگزیمەکان جێبەجێبکات، بەبێ ئەوەی مەگزیمێکی تر پێشێلنەکات، بۆ نموونە: قسەکەر ناتوانێت زانیاریی پێویست بدات (مەگزیمی چەندییەتی )، چونکە بەڵگەی تەواوی لەبەردەستدا نییە بۆ سەلماندنی زانیارییەکە (مەگزیمی چۆنییەتی).

**چوارهەم: بەزاندنی ئاشکرا - Flouting:** ئەمە گرنگترین جۆرە لە توێژینەوەی پراگماتیکییدا، چونکە لەم دۆخەدا، قسەکەر زۆر بە زەق و بە ئاشکرا مەگزیمێک دەبەزێنێت، نەک بۆ ئەوەی گوێگر چەواشەبکات، یان درۆبکات، بەڵکو دەیەوێت گوێگر هەست بەم پێشێلکردنە بکات و واتایەکی لێ هەڵبهێنجێنێت، گرایس پێیوایە ئەم (بەزاندنە ئاشکرایە) دەبێتە هۆی دروستبوونی "واتای شاراوە" (Grice, P, 1975: 49)، لەلایەکی دیکەوە و هەر لە چوارچێوەی ئەم باسەدا گرایس شیکردنەوەی قووڵ بۆ چۆنییەتی بەزاندنی ئەم چوار مەگزیمە بەمشێوەیە دەخاتەڕوو:

**١. بەزاندنی مەگزیمی چەندییەتی - Flouting the Maxim of Quantity:** گرایس باسی ئەوە دەکات، ئەم بەزاندنە کاتێک ڕوودەدات، قسەکەر زانیارییەک دەدات، کە لەڕووی لۆژیکییەوە بەتاڵە (Tautologies)، لەم ڕوانگەشەوە نموونەی "ژنان هەر ژنن - Women are women"، یان "جەنگ هەر جەنگە - War is war" دەهێنێتەوە، هەرچەندە نموونەکان لەڕووی ڕووکەشەوە هیچ زانیارییەکی نوێیان تیادا نییە و ڕێسای چەندییەتییان پێشێلکردووە، بەڵام مەبەستی شاراوەیان دروستکردووە (Grice, P, 1975: 52)، لێردا نێرەر بڕی زانیاری پێویست بە وەرگر نادات، یان زانیارییەکانی زیاد لە پێویستن، وەک:

٩. أ. لە تاقیکردنەوەی توانستی ئینگلیزی و کۆمپیوتەردا دەرچوویت؟

ب. لە ئینگلیزی دەرچووم.

لێرەدا «٩. ب» بڕی زانیاری پێویستی بە «٩. أ» نەبەخشیوە.

**٢. بەزاندنی مەگزیمی چۆنییەتی - Flouting the Maxim of Quality:** گرایس ئەم بەزاندنە شیدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک قسەکەر شتێک دەڵێت، کە دەزانێت ڕاست نییە، چەندین دیاردەی ڕەوانبێژی و پراگماتیکی بەرهەمدەهێنێت (Grice, P, 1975: 53)، وەک: أ- «گاڵتەئامێز - Irony» : وەک ئەوەی بە کەسێک بڵێیت "تۆ زۆر هاوڕێیەکی باشیت!" لە کاتێکدا ئەو خیانەتی لێ کردوویت. ب- «خوازە - Metaphor» : وەک ئەوەی بڵێیت "تۆ ئەڵێی شێریت". پ- «کەمکردنەوە/ بچووککردنەوە - Meiosis» : بۆ نموونە کاتێک کەسێک خانوبەک تێکدەدات و تۆ دەڵێیت: "کەمێک سەرخۆش بوو". ت- «زیادەڕەویی - Hyperbole» : کاتێک قسەکەر بۆ دروستکردنی کاریگەری، قەبارەی شتێک لە ڕاستیی خۆی زۆر گەورەتر دەکات، بۆ نموونە کاتێک خاوەنماڵ فەرموو لە میوان دەکات و دەڵێت : "مريشك بخۆ"، لە وەڵامدا میوان دەڵێت: "دەترسم ئەنفلوەنزای باڵندەی پێوە بێت"، هەروەها دەکرێت بوترێت، بەهەمانشێوەی ڕستەی پرسیار، ڕستەی فەرمانیش لە وەڵام و کاردانەوەکەیدا بەزاندنەکە دەردەکەوێت، وەك لە وەڵامی میوانەکە بۆ خاوەنماڵەکە شتێکی دەربڕیوە ڕەنگە ڕاست نەبێت و لێی دڵنیانییە، لەهەمانکاتدا بەڵگەی ڕاستیی قسەکانی پێنییە (ئاڤێستا کەمال مەحموود ، 2006: 72).

**٣. بەزاندنی مەگزیمی پەیوەست/ پەیوەندیی - Flouting the Maxim of Relation:** زۆرجار لەکاتی ئاخاوتندا تێبینی ئەوە دەکرێت، کەسێک لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاراستەی کراوە، جۆرێک لە خۆلادانی تیادایە، ئەمەش بەمەبەست دەیەوێت وەڵامی پرسیارەکە نەداتەوە، جا ئیتر هەر مەبەستێک بێت، کە بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان دەگۆڕێت، قسەکەر هەندێکجار بە مەبەست و بەشێوەیەکی ئاشکرا بنەمای هاریکاری دەبەزێنێ و ئەوەی دەیڵێت بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە بابەتی ئاخاوتنەکەوە نییە، بەزاندنی ئەم مەگزیمە لە گفتوگۆی چەند کەسێکدا کاتێک ڕوودەدات، بەشداربوویەک بە شێوەیەکی زۆر زەق بابەتێک دەهێنێتەئاراوە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە گفتوگۆکەوە نییە، گرایس نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە، کە باسی کەسێک دەکرێت، ناپاکی کردبێت، لەپڕ یەکێکیان دەڵێت "ئەرێ کەشوهەوای ئەمڕۆ زۆر خۆشە وا نییە؟"، ئەمەش بۆ ئەوەیە بابەتەکە دابخرێت، چونکە بۆ نموونە کەسێکی نەخوازراو لە پشتەوە وەستاوە (Grice, P, 1975: 54)، بنەمای پەیوەست ئەوکاتە دێتەبەزاندن، کە پەیوەندیی و پەیوەستیی و گونجان لە نێوان گوتەی قسەکەر و

گوێگردا نەبێت، بەزۆریش لە دەق و گوتاری شێوەی پرسیاریدا دێتەئاراوە، کەتیایدا گوێگر لەهەندێك وەڵام خۆی دەدزێتەوە، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، وەک:

١٠. أ. کوا پارەی سەر مێزەکە؟

ب. منداڵەکە لەلای مێزەکە بوو.

وەڵامی «١٠. ب» پەیوەندیی بەپرسیاری «١٠. أ»ەوە نییە، بۆیە بنەمای پەیوەندیی بەزێندراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێویەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە منداڵەکە پارەکەی بردووە.

**٤. بەزاندنی مەگزیمی شێواز - Flouting the Maxim of Manner:** بەزاندنی ئەم بنەمایە لەلایەن قسەکەرەوە بە مەبەست، لەڕێگەی وەڵامدانەوەی کورت، یان دورودرێژ، دەبێتە هۆی ئەوەی بەشداربوانی ئاخاوتن لە تێگەیشتن لە گفتوگۆکە توشی ئاستەنگ ببنەوە و بە ئاسانی تێنەگەن و تەمومژی و لێڵی واتایی دروستببێت (ئاگرین شەوکەت هادی و ئەوانی تر، 2021: 20)، واتە دەستکاریکردن، یان تێپەڕاندن، یاخود پێشێلکردنی بەمەبەست، لەلایەن ئاخێوەرەوە لە «بنەمای شێواز»دا لەڕێگەی پەنابردن بۆ کورت بڕینی زیاد لە پێویست، یان درێژدادڕیی ناپێویست، ژینگەیەکی نادیار و تەمومژاوی بۆ گوێگر دەخولقێنێت، ئەمجۆرە بەزاندن و پێشێلکردنە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەم لێڵیی واتایی و هەمیش دروستکردنی ئاستەنگ لە پرۆسەی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ئاخاوتنەدا، هەچەندە گرایس ئاماژە بەوە دەکات، کە ئاخێوەران هەندێکجار بەمەبەست، دەربڕینی نامۆ، یان ناڕوون، یاخود درێژدادڕانە بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی جۆرێک لە واتای ناڕاستەوخۆ بگەیەنن، لەمڕووەوە گرایس باسی کەسێک دەکات، کە لە بری ئەوەی بڵێت: «ماری گۆرانیی وت»، دەڵێت: «ماری زنجیرەیەک دەنگی دەرکرد کە زۆر نزیک بوو لە ئاوازی گۆرانییەکەوە» ئەم درێژدادڕیی و پێشێلکردنی شێوازە، ئامانج و پەیامی ئەوەیە بە ناڕاستەوخۆیی بڵێت، کە ماری زۆر بە خراپی گۆرانیی دەگوت. (Grice, P, 1975: 54-55).

### «بەشی دووهەم»

### ٢. زیرەکی دەستکرد وەک دەستپێک

زیرەکی دەستکرد - Artificial Intelligence، کە کورتکراوەی «AI»ە، هەندێکجاریش زاراوەی (ژیری دەستکرد)یشی بۆ بەکاردەهێنرێت، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥٦)دا لەلایەن زانای بواری کۆمپیوتەر «جۆن مەک کارتی»ەوە لە ووەرکشۆپێکی هاوینەدا لە کۆلێژی «دارتمۆس» پێشنیازکرا، ئامانجی ووەرکشۆپەکە دانانی چوارچێوەیەک بوو بۆ پەرەدانی زیرەکی دەستکرد و بەخشینی ئەو توانایە بە کۆمپیوتەرەکان بۆ ئەوەی بتوانن هاوشێوەی مرۆڤ ئەوکارانە ڕاپەڕێنن، کە پێویستییان بە توانایەکی بەرزی ناسینی وەک: «تێگەیشتن، بەڵگاندن و چارەسەری پرس، زمان و داهێنەری» هەیە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە تا ئەم دواییانەش مرۆڤ لە سەرجەم بوونەوەران و ئامرازەکان جیادەکردەوە، توانایی قسەکردن و تێگەیشتنی لە زماندا بوو، هەر بۆیە، بەشێکی سەرەکیی زیرەکی دەستکرد لەسەر بەخشینی توانا زمانییەکان بە کۆمپیوتەر و ئامێرەکان چڕبووەتەوە، ئەو لقەی زیرەکی دەستکرد کە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ئامێر لەڕێگەی زمانەوە بەدیدەهێنێت، پێیدەگوترێت: پێواژۆی زمانی سروشتی (ئاران ئەمینی، 2025).

زیرەکی دەستکرد جۆرێکە لە زیرەکیی، کە «ئەلگۆریزمی» ئاڵۆز بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی "نووسین، وێنە، ڤیدیۆ، کۆد"، ئەم زانستە پێویستی بە بڕێکی ئێجگار زۆر لە ڕاهێنان هەیە، پێش ئەوەی بتوانێت کارەکانی بە باشی ئەنجامبدات، پێویستە بڕێکی زۆر داتا بدرێت بە زیرەکی دەستکرد بۆ ئەوەی بتوانێت ڕاهێنانی لەسەر بکات و توانای فێربونی زیادببێت، ئێمەی بەکارهێنەر ئەو داتایە دابینەدەکەین و داتای ڕاهێنان پێکدێت لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو زانیارییانەی لەسەر ئینتەرنێت هەڵگیراون، (سیستمی زیرەکی دەستکرد مۆدێلێکی کۆمپیوتەریی توانا فیکرییەکانی مرۆڤە لە گەڕانێکی ئامانجدار و شیکردنەوە و کۆکردنەوەی زانیاریی هەنووکەیی سەبارەت بە واقیعی دەوروبەر،

بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ لەبارەیەوە و چارەسەرکردنی ئەرک و ئامانجە گرنگە جۆراوجۆرەکانە)(سەرباز عەزیز وەرتی، 2023: 44).
مۆدێلە زمانەوانییەکان (زیرەکی دەستکرد) لەبەر ئەوەی خاوەنی هیچ جۆرە تێگەیشتن، یان وێناکردنێکی ناوەکی نین، بۆ دۆخە دەروونی و هۆشیارییەکانی مرۆڤ، دەکرێت وەک کەرەستەیەکی باش بەکاربهێنرێن بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی ئایا توانای پراگماتیکی (واتە درککردن بە واتای شاراوە و مەبەستی قسەکەر) دەتوانێت بەبێ بوونی توانای 'خوێندنەوەی مێشک و شوێن و کات و جۆی هەڵوێستە و دەروونی بەرامبەر' سەرهەڵبدات، بە واتایەکی تر کێشەی زیرەکی دەستکرد ئەوەیە، کە مێشک و هەست و هۆشیاریی نییە. ئایا چۆن دەکرێت ئامێرێک کە مێشک و هەستی نییە و ناتوانێت خۆی بخاتە جێی دەروونی مرۆڤ، کەچی هێشتا هێندە بەهێز بێت،کە لە توانایدا هەبێت لە گاڵتەوگەپ و خوازە و واتای شاراوەی قسەکانمان تێبگات، زاناکان دەیانەوێت مۆدێلەکانی وەکو «Gemini» و «ChatGPT» وەک تاقیگە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بزانن ئایا زمان تەنها هاوکێشەیەکی لۆژیکییە، یان پێویستی بە مێشکی زیندووی مرۆڤ هەیە؟ (Jennifer Hu, 2023: 4194).

مۆدێلە زمانەوانییە گەورەکان «Large Language Models - LLMs» بریتین لە سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووی زیرەکی دەستکرد، کە بە تایبەتی دیزاینکراون بۆ « تێگەیشتن، شیکردنەوە، و بەرهەمهێنانی زمانی مرۆڤ» بە شێوەیەکی سروشتی و لۆژیکی، شێوازی کارکردنی ئەم مۆدێلانە لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیایەکە، کە پێیدەگوترێت "فێربوونی قووڵ - Deep Learning" و تۆڕە دەمارییە دەستکردەکان، مۆدێلەکان پێشوەختە لەسەر بڕێکی زۆر لە دەق و زانیاری جۆراوجۆری وەکو: «کتێب، وتار، گفتوگۆ و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان» ڕاهێنراون، کرۆکی کارکردنیان لەسەر ئەوە وەستاوە ،کە بەپێی ئەو داتایانەی پێشتر بینیویانە، پێشبینیبکەن، کە وشەی داهاتوو لە ڕستەیەکدا، یان وەڵامی پرسیارێک چی دەبێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە زیرەکی دەستکرد کاتێک لە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ تێدەگەن، (وەک ئەوەی یەکێک بڵێت "ئێرە ساردە" و مۆدێلەکە بزانێت مەبەستی داخستنی پەنجەرەکەیە)، ئەمە لەبەر ئەوە نییە، کە مۆدێلەکە وەک مرۆڤ هەست بە سەرمای ژوورەکە و دۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە پێشتر لە ناو ملیۆنان دەقدا بینیویەتی کە هەرکاتێک وشەی "ساردە" گوتراوە، لە دوایدا ڕستەی "پەنجەرەکەی داخست" هاتووە، واتە تێگەیشتنەکەی مۆدێلەکە پشتی بە ئامار و ڕێکەوتنی وشەکان بەستووە نەک ئەزموونی کۆمەڵایەتی و هەستکردن(Hyung Won Chung, 2022: 15).

### ١-٢. مۆدێلەکانی زیرەکی دەستکرد

لە سەردەمی هاوچەرخدا، جیهان ڕووبەڕووی وەرچەرخانێکی تەکنەلۆژیی بووەتەوە، کە سیمای تەواوی ژیانی مرۆڤایەتیی گۆڕیوە، لە ناوەندی ئەم وەرچەرخانەدا «کە بە شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم دەناسرێت» تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد «Artificial Intelligence - AI»، وەکو یەکێک لە هەرە کاریگەرترین و دیارترین دەستکەوتە زانستییەکانی سەدەی بیست و یەکەم دەردەکەوێت، زیرەکی دەستکرد تەنها ئامرازێکی نوێی تەکنەلۆژی، یان بەرهەمێکی ئاسایی بەرنامەسازی ناگرێتەوە، بەڵکو پارادایمێکی نوێی زانستییە لە چۆنییەتی تێگەیشتن، دارشتن، و هاوشێوەکردنی (Simulation) ئەرکە مەعریفی و هزرەییەکانی مرۆڤ، وەکو: "فێربوون، ئاراستەکردنی لۆژیک، شیکردنەوەی ئاڵۆز و بڕیاردان"، پەرەسەندنی خێرای زیرەکی دەستکرد و لقە هاوچەرخەکانی بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم بوارە لە چوارچێوەی بیرۆکەیەکی تیۆری و تاقیکاریی زانستییەوە بگوێزرێتەوە بۆ بەکارهێنانی کرداری لە جومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، چونکە سیستەمە زیرەکەکان/ ژیرەکان توانستێکی بێهاوتا و بێئەندازەیان لە زیادکردنی کارایی، وردکاری، و کەمکردنەوەی هەڵەی مرۆیی پێشکەشکردووە و نیشانداوە، سەرەڕای ئەم پێشکەوتن و گەشەسەندنە سەرسوڕهێنەرەی کە زیرەکی دەستکرد هەیەتی، کەچی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵۆزی و ئاڵەنگاریی ناوەکی و دەرەکی دەبێتەوە، کە پێویستییان بە شیکاریی ئەکادیمی قووڵ

هەیە، بۆیە تاوتوێکردنی زانستییانە و هەمەلایەنەی زیرەکی دەستکرد ناچارییەکی ئەکادیمییە، هەم بۆ بەکارخستنی ئەرێنیی تواناکانی و هەمیش بۆ دڵنیابوون و دەرخستنی لایەنی ڕاستی و دروستی هەڵبژاردن و ئەگەرییەکانی، لەم دیدگەیەوە ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات تیشکبخاتەسەر **[هەڵسەنگاندنی توانستی پراگماتیکیی زیرەکی دەستکرد لە زمانی کوردیدا، مۆدێلەکانی «ChatGPT, Gemini, Claude» بە نموونە]**، بە مەبەستی خستنەڕووی شیکارییەکی ئەکادیمیی تێروتەسەل و دابینکردنی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ باشتر تێگەیشتن لە ئاسۆ و بەکارهێنانەکانی ئەم تەکنەلۆژیا سەردەمییە، بۆیە بە پێویستی دەزانیین تیشکبخەینەسەر هەریەک لەو مۆدێلانە:

**یەکەم: مۆدێلی «ChatGPT»:** مۆدێلێکی پێشەنگی زمانەوانییە، کە لەلایەن کۆمپانیای «OpenAI»ەوە پەرەی پێدراوە و بە توانا بەرزەکەی لە گفتوگۆ و شیکارکردنی لۆژیکیدا ناسراوە، پشتی بە نەوەکانی تەکنەلۆژیای «GPT» بەستووە و زۆرترین بەکارهێنەری هەیە، هەروەها ڕۆڵ و توانایەکی کایگەر و بەهێزی لە کۆدنووسین و چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکاندا هەیە.

**دووهەم: مۆدێلی «Gemini»:** بەرهەمی گەورەی کۆمپانیای «Google»ە و یەکەمین مۆدێلە، کە دروستکراوە بۆ تێگەیشتنی لە «دەق، دەنگ، وێنە و ڤیدیۆ»، هاوکات خاڵی بەهێزی ئەم مۆدێلە بریتییەلە خێرایەکی زۆر و یەکگرتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی گووگڵ و هێنانی زانیارییە نوێ و ساتییەکان لە ئینتەرنێتەوە.

**سێهەم: مۆدێلی «Claude»:** لەلایەن کۆمپانیای «Anthropic»ەوە دروستکراوە و خراوەتەڕوو، کە جەختدەکاتەوە لەسەر سەلامەتی و دروستیی ئەخلاقیی لەڕێگەی تەکنیکی زیرەکی دەستکردی دەستووری «Constitutional AI» و توانایەکی ئێجگار گەورەی هەیە، کە لە یەک کاتدا ڕادەگات بە ئەنجامبدانی وەرگرتن و شیکردنەوەی دەقی زۆر درێژ، جگەلەوەی بە شێوازی نووسینی زۆر سروشتی و ئەکادیمی دەناسرێتەوە.

ئەم مۆدێلانەی سەرەوە، دەتوانن کۆمەڵێک ئەرکی ئاڵۆزی زمانەوانی ئەنجامبدەن، کە پێشتر تەنها مرۆڤ ئەو ڕۆڵەیدەگێڕا، وەک: بەرهەمهێنانی دەق و نووسینی وتار و هۆنراوە و وەرگێڕان لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا، هەروەها پوختەکردنی کتێب و دەقە درێژەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکان بە شێوەی گفتوگۆ، سەرەڕای ئەوەی ئەم مۆدێلانە لە ڕووی (ڕێزمان و فەرهەنگی وشە)وە زۆر زیرەکن، بەڵام گەورەترین ئاڵەنگاری لەبەردەمیاندا توانستی پراگماتیکییە، واتە پرسیارە گەورەکە ئەوەیە: ئایا ئەم ئامێرانە کاتێک قسەدەکەن، یان وەڵام دەدەنەوە، بەڕاستی لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی، واتای شاراوە و مەبەستی ناڕاستەوخۆی قسەکەر (بەتایبەت لە زمانێکی وەک کوردیدا کە پڕە لە دەستەواژەی کەلتووری) تێدەگەن، وەک چۆن مرۆڤێک تێدەگات؟

لە خەملاندنی بارودۆخی زمانی کوردیدا، بەهۆی فرەیی زار و شێوەزارەکانی و جیاوازیی ئاستی کارپێکردنیان، هاوشێوە نیین، واتە لە نێوان زار وشێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا سیمایەکی ناهاوسەنگ دەبینرێت، چونکە لەڕووی گەشەی ئەرکییانەوە هاوتەریب و هاوشێوەی یەکتر نیین، هەرچەندە پێگەی ئەم زمانە لە چوارچێوەی "زمانە هەڵکشاوەکاندا - Ascending Languages" چواچێوەبەند و ڕێزبەند دەکرێت، هەروەها هەر دوو دیالێکتی سەرەکی (دیالێکتی ناوڕاست و دیالێکتی ژووروو) نەک هەر پێگەی خۆیان وەک زمانێکی زیندوی پڕئاخێوەر پاراستووە، بەڵکو لەڕووی پلەبەندیی و گەشەی دیجیتاڵییەوە لە ڕیزبەندی دووسەد زمانی پێشەنگی جیهاندان، ئەگەرچی هەر دوو دیالێکتەکە لەهەمان ئاستی تیۆریدا پۆلێنکراون، بەڵام داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕەوتی توێژینەوە زانستییەکان و پرۆژە ناخۆییەکان جیاوازییەکی چەندایەتی بەرچاو نیشاندەدەن، بە جۆرێک دیالێکتی ناوڕاست پشکی شێری لە پەرەپێدان پێبڕاوە، بە بەراورد بە دیالێکتی ژووروو، ئەوەی شایەنی ئاماژەیە، چەمکی "زمانی هەڵکشاو" دەستەواژەیەکە بۆ ئەو سیستەمە زمانییانەی کە ڕاستەوخۆ توانای سوودوەرگرتنیان لە ئامرازەکانی پێواژۆی ڕووکەشی زمان ( DEX/Surface Natural Language Processing) هەیە - وەک داڕێژەرەوەی ڕێنووس - و لە پلاتفۆرم و سیستەمە جیهانییەکاندا

بەکارهێنانیان بەفەرمی ناسێنراوە، (ئاران ئەمینی، ٢٠٢٥)، بەواتایەکی تر؛ چەمکی "زمانی هەڵکشاو" بەو زمانانە دەگوترێت، کە خاوەنی ئامرازی پێواژۆی رووکەشی زمانین (لەکاتێکدا تەکنەلۆژیای وەک هەڵەگری ڕێنووسییان بۆ پەرەپێدراوە) و لە سیستەمە کارگێڕییەکان، یان پلاتفۆرمە دیجیتاڵییە گەورەکاندا بەردەستن و یەکخستنیان بۆ ئەنجامداوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی «پێواژۆی زمانی سروشتی» بڕوانە هێڵکاری ژمارە «١».




هێڵکاری ژمارە «١» پێواژۆی زمانی سروشتی (ئاران ئەمینی، ٢٠٢٥)

## ٢-٢. هەڵسەنگاندنی توانستی پراگماتیکیی مۆدێلەکان

ئەم تاقیکردنەوەیە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستی مۆدێلەکان لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی پراگماتیکیدا، بۆ دوو تەوەری سەرەکی دابەشکراوە، بە شێوازێک کە شەش نموونەی یەکەم بۆ پشکنین و شیکاریکردنی "کردە قسەییەکان - Speech Acts"، هەروەها شەش نموونەی دووەمیش بۆ ڕەنگدانەوەی "پێشێلکردنی بنەماکانی گرایس - Non-Observance of Grice's Maxims" تەرخانکراون، بەپێی ئەو داتایانەی لە خشتەی ژمارە «١»دا خراونەتەڕوو، بەرکەوتەکان لەڕێگەی سیناریۆیەک بەپێی دەوروبەرێکی دیاریکراو ئاراستەی مۆدێلەکان کراون (سیناریۆیەکی چواچێوەدار پێشکەشی مۆدێلەکان کراوە)، بە جۆرێک لە شەش نموونەی یەکەمدا داوایان لێکراوە مەبەستی ڕستەکان و جۆری کردە قسەییەکان دیاریبکەن، هەروەها لە شەش نموونەی دووەمیشدا مەبەستی ڕستەکان و جۆری پێشێلکاریی بنەماکانی گرایس دەستنیشانبکەن، لە کۆتاییدا وەڵامەکانی مۆدێلەکان، لەگەڵ وەڵامە ڕاست و ستانداردەکاندا لە خشتەکەدا خراونەتەڕوو، بەمشێوەیە:

| ژ | دەوروبەر/ سیناریۆ | مەبەستی ڕستەکە | جۆری کردە قسەییەکە |
|---|---|---|---|
| ١ | ئازاد و ئاسۆ لەسەر سفرەی نانخواردن دانیشتون و لە کاتی نانخواردندا خوێیەکە لە ئازادەوە دوورە و لە ئاسۆوە نزیکە، ئازاد بە ئاسۆ دەڵێت: **ئاسۆ دەستت دەگات بە خوێدانەکە؟** | وەڵامە ڕاستەکە: مەبەستی ڕستەکە داواکردنە بەشێوەیەکی ڕێزدارانە بۆ پێدانی خوێیەکە<br>Claude: داواکردنی ئاسۆ خوێیەکە بۆی بگەیەنێت — ئەوە داواکاری بەستارییە، نە پرسیاری ئیمکانی<br>Gemini: داواکارییەکی ناڕاستەوخۆ: مەبەستی ئەوەیە خوێدانەکەی بۆ بنێرێت، نەک تەنها بزانێت دەستی | وەڵامە ڕاستەکە: داواکردن<br>Claude: داواکاری نێوانخەطی<br>Gemini: داواکاری (Directive)<br>ChatGpt: داواکاری (Directive) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | دەگاتێ یان نا<br>ChatGpt: داواکردن لە ئاسۆ بۆ ئەوەی خوێدانەکە بداتە دەستی | |
| ٢ | وەرزی زستانە و دەرەوە زۆر ساردە و دایکێک دێتە ژوورەوە و دەبینێت منداڵەکەی ،کە پەتایەکی توندی گرتووە لەسەر جێگەکەی ڕاکشاوە، بەلام پەنجەرەی ژوورەکەی کردووەتەوە و هەوایەکی زۆر سارد دێتە ژوورەوە و دەڵێت: **ژورەکە زۆر ساردە و خەریکە ڕەق دەبینەوە.** | وەڵامە ڕاستەکە: داوادەکات پەنجەرەکە دابخات<br>Claude: داواکردنی منداڵ پەنجەرەکە دابخات — ئاگادارکردنەوە و داواکاری نێوانخەطی.<br>Gemini: فەرمان و هاندان: مەبەستی ئەوەیە کە منداڵەکە هەستێت و پەنجەرەکە دابخات بۆ ئەوەی سەرماکە زیاتری لێ نەکات<br>ChatGpt: داواکردنی داخستنی پەنجەرەکە بۆ ئەوەی ژوورەکە گەرم بێتەوە. | وەڵامە ڕاستەکە: داواکاری<br>Claude: داواکاری نێوانخەطی / ئاگادارکردن<br>Gemini: داواکاری / ڕێنمایی (Directive)<br>ChatGpt: داواکاری (Directive) |
| ٣ | خوێندکارێک لە ناو زانکۆ دانیشتووە و هاوڕێیەکەی بەلایدا تێپەر دەبێت و بانگهێشتی دەکات بۆ کافتریا، ئەویش دەڵێت: **سبەینێ تاقیکردنەوەی ئینگلیزیم هەیە و زۆر گرانە** | وەڵامە ڕاستەکە: ڕەتکردنەوەی بانگهێشتەکە دەگەیەنێت<br>Claude: ڕەتکردنەوەی بانگهێشتەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ — بەبێ وتنی «نەخێر» ئاشکرا.<br>Gemini: ڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆ: مەبەستی ئەوەیە داواکەی ڕەتبکاتەوە و نەچێت بۆ کافتریا چونکە دەبێت بخوێنێت<br>ChatGpt: ڕەتکردنەوەی بانگهێشتەکە و نەچوون بۆ کافتریا بەهۆی تاقیکردنەوە | وەڵامە ڕاستەکە: ڕەتکردنەوە<br>Claude: ڕەتکردنەوەی نێوانخەطی<br>Gemini: پەیمانبەخش / گوزارشتکار (Commissive/Expressive)<br>ChatGpt: ڕەتکردنەوە / وەڵامدانەوە (Representative/Indirect Refusal) |
| ٤ | پیاوێک خەریکی لەپێکردنی پێڵاوەکەیەتی و بۆئەوەی بڕواتە دەرەوە، هاوسەرەکەشی ئاماژە بە کیسەی خاشاکەکە دەکات و دەڵێت: **دەچیتە دەرەوە؟** | وەڵامە ڕاستەکە: دەیەوێت خاشاکەکە فڕێیداتە دەرەوە<br>Claude: یادکردنەوەی ئەوەی خاشاکەکە هەڵبگرێت — پرسیار واتای داواکاری نێوانخەطی دەگەیەنێت.<br>Gemini: داواکاری بۆ یارمەتی: مەبەستی ئەوەیە کاتێک پیاوەکە دەچێتە دەرەوە، کیسەی خاشاکەکەش لەگەڵ خۆی بباتە دەرەوە | وەڵامە ڕاستەکە: داواکاری<br>Claude: یادکردنەوە / داواکاری نێوانخەطی<br>Gemini: داواکاری (Directive)<br>ChatGpt: داواکاری (Directive) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ChatGpt: داواکردنی بردنی کیسەی خاشاک لەگەڵ خۆیدا بۆ دەرەوە. | |
| ٥ | منداڵێک بەردێک لە جامی ئۆتۆمبێلێک دەدات دەیشکێنێت و هەڵدێت، خاوەنی ئۆتۆمبێلەکەش هاوار لە منداڵەکە دەکات و دەڵێت: **بۆ کوێ ڕادەکەیت؟ دەزانم ماڵتان لە کوێیە.** | وەڵامە ڕاستەکە: قسەکەر هەڕەشەی کردووە لە منداڵەکە<br>Claude: ئامۆژگاری منداڵ کە ڕاکردن بێ ئەنجام نییە — مەرسوومی مەترسیدار و داواکاری مانەوەی نێوانخەڵطی<br>Gemini: هەڕەشەکردن: مەبەستی ئەوە نییە ناونیشانی ماڵەکەیان بزانێت، بەڵکو هەڕەشەی لێدەکات کە سزای دەدات یان بە دایک و باوکی دەڵێت<br>ChatGpt: هەڕەشەکردن بە منداڵەکە و ئاماژەدان بەوەی دەستی پێ دەگات. | وەڵامە ڕاستەکە: هەڕەشەکردن<br>Claude: مەرسووم / مەترسیدارکردن<br>Gemini: پەیمانبەخش/هەڕەشە Commissive)<br>ChatGpt: هەڕەشە (Commissive) |
| ٦ | دوو هاوڕێ پێکەوە دەبن یەکێکیان دەیەوێت خۆی بکێشێت و دەچێتە سەر قەپانێک، بەڵام قەپانەکە ئیش ناکات و هیچ پیشان نادات بۆیە بە هاوڕێکەی دەڵێت : ئەوە قەپانەکە بۆ هیچ پیشان نادا؟ هاوڕێکەشی ڕووی تێدەکات و بە پێکەنینەوە دەڵێت: **قەپانەکە پیاوی سوک ناکێشێت** | وەڵامە ڕاستەکە: پێکەوە گاڵتە و سوعبەت دەکەن و مەبەستەکە تەنها بۆ پێکەنینە<br>Claude: ئەوەی تۆ قەڵەوی — تێکردنی شۆخی و ئامۆژگاری نێوانخەڵطی لە چوارچێوەی مزاحی<br>Gemini: شۆخی و توانج (مەجاز): لێرەدا وشەی "سوک" وەک توانجێک بۆ (کێشی کەم/سوکایەتی نەفسی) بەکارهاتووە بۆ دروستکردنی کەشێکی پێکەنیناوی و گاڵتەجاڕی لەگەڵ هاوڕێکەی.<br>ChatGpt: گاڵتەکردن و ئاماژەدان بەوەی هاوڕێکەی قورسە، نەک ئەوەی قەپانەکە خراپە | وەڵامە ڕاستەکە: سوکایەتی پێکردن، گاڵتەپێکردن<br>Claude: شۆخی / دەستەواژەی نێوانخەڵطی<br>Gemini: گوزارشتکار (Expressive)<br>ChatGpt:دەربڕین/گاڵتەکردن (Expressive) |
| | **دەوروبەر/ سیناریۆ** | **مەبەستی ڕستەکە** | **جۆری بنەما (مەگزیم)ی پێشێلکراو** |
| ٧ | کوڕێک لە زانکۆ دەرنەچووە و باوکی لێی دەپرسێت بۆچی دەرنەچوویت؟ کوڕەکە دەڵێت: **ئیتر مامۆستا هەر مامۆستایە** | وەڵامە ڕاستەکە: کوڕەکە زانیاریی کەمی داوە بە باوکی و خۆی لە پرسیارەکە دزیوەتەوە<br>Claude: کوڕەکە دەیەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە بگەیەنێت کە مامۆستاکانی زانکۆکە کوالیتەی خراپ یان سووکایەتیکارانەن، بۆیە ئەو سەرنج | وەڵامە ڕاستەکە: ڕێسای چەندییەتی (Maxim of Quantity) (پێشێلکردن بە کەمدانەوەی زانیاری - Tautology)<br>Claude: پێشێلکردنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | نادات ئەوانی فێربکات.<br>Gemini: دەرنەچوونی خۆی نییە، بەڵکو توندی یان نادادی مامۆستاکەیە، یاخود دەیەوێت بابەتەکە دابخات بەوەی کە ئەمە شتێکی سروشتییە<br>ChatGpt: کورەکە بە ڕاستەوخۆ نایەوێت هۆکاری دەرنەچوونی بڵێت، بەڵکو ئاماژە دەدات کێشەکە لە مامۆستاکەوە بووە (وانە نەبووە، مامۆستا نەهاتووە یان هۆکارێکی پەیوەندیدار بە مامۆستا هەیە). | بنەمای کوالیتی<br>Gemini: (Quantity): چونکە زانیاری پێویستی نەداوە و ڕستەیەکی دووبارەی (Tautology) بەکارهێناوە.<br>ChatGpt: مەگزیمی ڕوونی (Manner) چونکە وەڵامەکە ناڕوون و ناڕاستەوخۆیە. |
| ٨ | کەسێک لە ناو پاسێکدا لەوەی تەنیشتی دەپرسێت "بەڕێزم کاتژمێر چەندە؟ ئەویش دەڵێت: **کاتژمێرەکەم مارکەی سویسرییە ، زۆر جوانە، سەبارەت بەکاتی ئێستاش ڕێک کاتژمێر چوار و پەنجا و نۆ خولەک و سێ چرکەیە** | وەڵامە ڕاستەکە: زانیارییەکی زۆری داوە لەوەی کە داواکراوە، درێژدادڕی کردووە<br>Claude: کەسەکە نەیەوێت کاتژمێرەکەی بڵێت، یان دەیەوێت ئامرازەکەی خۆ پوختە بکاتەوە؛ بۆیە زیادەزیاتر لە داوا زانیاری دەدات — مارکەی کاتژمێرەکە و چۆنێتی کارکردنی — بەپێچەوانەی کاتی ئاستەکو.<br>Gemini: دەیەوێت شانازی بە کاتژمێرەکەیەوە بکات و خۆی دەربخات، یان دەیەوێت وردبینییەکی لەڕادەبەدەر پیشان بدات.<br>ChatGpt: قسەکەر دەیەوێت پیشانی گرنگی و جوانی کاتژمێرەکەی بدات، لەگەڵ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکە. | وەڵامە ڕاستەکە: ڕێسای چەندییەتی (Maxim of Quantity) (پێشێلکردن بە زیادپێدانی زانیاری)<br>Claude: پێشێلکردنی بنەمای بڕ/مقدار<br>Gemini: بنەمای بڕ (Maxim of Quantity): چونکە زانیاری زۆر زیاتر لەوەی پێویستە داوە، و بنەمای شێواز (Manner) بەهۆی درێژدادڕی.<br>ChatGpt: مەگزیمی چەندیەتی (Quantity) چونکە زانیاری زیاتر لە پێویست دەدات. |
| ٩ | پەرداخێک قاوەت بەدەستەوەیە و لە دەستت دەکەوێتە خوارەوە و دەشکێت، هاوڕێکەت پێت دەڵێت: **"دەستت خۆش بێت، بەڕاستی زۆر بە جوانی داتنا!** | وەڵامە ڕاستەکە: مەبەستە شاراوەکە تەنزە و تەنها بۆ پێکەنینە<br>Claude: هاوڕێکەت بە ئیرۆنی (واتای پێچەوانە) دەیەوێت بڵێت کە تۆ سستی کردووە یان نەیتوانیوە کاپەکە بپارێزی — ستایشەکە ڕاستی نییە.<br>Gemini: تانەوپلە و ڕەخنەگرتن (سەرکۆنەکردن) بە شێوازێکی تانەئامێز (Irony/Sarcasm). | وەڵامە ڕاستەکە: ڕێسای جۆرایەتی یان چۆنییەتی (Maxim of Quality) (پێشێلکردن بۆ مەبەستی توانج و تەنز - Sarcasm)<br>Claude: پێشێلکردنی بنەمای کوالیتی (ئیرۆنی)<br>Gemini: بنەمای |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ChatGpt: مەبەستی هاوڕێکە ستایش نییە، بەڵکو گاڵتەکردن و سەرزەنشتکردنە بەهۆی شکاندنی پەرداخەکە. | ڕاستگۆیی (Maxim of Quality): چونکە قسەکەی پێچەوانەی ڕاستی واقیعەکەیە (داکەوتنەکە جوان نەبووە).<br>ChatGpt: مەگزیمی چۆنییەتی (Quality) چونکە بە شتێکی نادروست دەردەبڕێت. |
| ١٠ | کاردۆ لەگەڵ کەسێکی تر دەبێت بە شەڕیان و هاوڕێیەکی کاردۆ لە دورەوە دەیانبینێت و لە کاتی ڕووبەڕوو بونەوەکەدا بە هاوڕێیەکەی دەڵێت : **کاردۆ شێرە، باکت پێی نەبێت** | وەڵامە ڕاستەکە: مەبەستی ئەوەیە کاردۆ زیرەکە<br>Claude: هاوڕێکەی کاردۆ دەیەوێت بڵێت کە کاردۆ مرۆڤێکی بەهێز و جەسوورە، یان فیزیکی زەقییەکی هەیە — بۆیە لە شەڕ نانترسێت.<br>Gemini: مەبەستی وەسفکردنی ئازایەتی و بەهێزی کاردۆە لە کاتی شەڕەکەدا بۆ دڵنیاکردنەوەی کەسی بەرامبەر.<br>ChatGpt: هاوڕێکەی کاردۆ دەیەوێت هاندەر و دڵنیاکەرەوە بێت و بڵێت کاردۆ بەهێز و ئازایە. | وەڵامە ڕاستەکە: ڕێسای چۆنییەتی (Maxim of Quality) (پێشێلکردن بە خوازە - Metaphor)<br>Claude: پێشێلکردنی بنەمای شێوازی (ئیستیعارە)<br>Gemini: بنەمای ڕاستگۆیی (Maxim of Quality): چونکە خوازەی(Metaphor) بەکارهێناوە و لە ڕاستیدا کاردۆ مرۆڤە نەک ئاژەڵ (شێر).<br>ChatGpt: مەگزیمی چۆنییەتی (Quality) چونکە "شێرە" بە واتای ڕاستەقینە نییە، بەڵکو خوازراوە (Metaphor)ە. |
| ١١ | یەکێک لە کوڕێکی گەنج دەپرسێت "ئەرێ مووچەکەی مانگانەکەت چەندە؟ گەنجەکەش لە وەڵامی پرسیارەکەدا دەڵێت: " **دەڵێن بەیانی بارانێکی بەخوڕ دەبارێت و هەورە بروسکەشی لەگەڵدایە، وا نییە؟** | وەڵامە ڕاستەکە: بە ناڕاستەوخۆ دەڵێت "حەز ناکەم باسی مووچەکەم بکەم" خۆی لە پرسیارەکە دەدزێتەوە<br>Claude: گەنجەکە نایەوێت مووچەکەی ئاشکرا بکات؛ وەڵامدانەوەکەی بابەتەکە | وەڵامە ڕاستەکە: ڕێسای پەیوەندی (پەیوەست) (Maxim of Relevance) (پێشێلکردن بۆ خۆدزینەوە لە پرسیار) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | دەگۆڕێت بۆ هەوا و باران تا پرسیارەکە تێبپەڕێنێت. Gemini: دەیەوێت خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە لابدات، چونکە بابەتەکە بە لایەوە تایبەتییە و نایەوێت ئاشکرای بکات. ChatGpt: گەنجەکە نایەوێت مووچەکەی ئاشکرا بکات، بۆیە بابەتەکە دەگۆڕێت. | Claude:پێشێلکردنی بنەمای پەیوەندی /گرێداری Gemini: بنەمای پەیوەندی ( Maxim of Relation/Relevance): چونکە بابەتەکەی بە تەواوی گۆڕی بۆ شتێکی بێپەیوەندی. ChatGpt: مەگزیمی پەیوەندی (Relation/Relevance)چونکە وەڵامەکە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نییە. |
| ١٢ | دوو فەرمانبەر کێشەیەیان لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیان هەیە و پێکەوە باسی خراپیی بەڕێوەبەرەکەیان دەکەن، لەپڕێکدا بەڕێوەبەرەکە دێتە ژوورەوە و یەکێکیان دەنگی خۆی دەگۆڕێت و دەڵێت: **"بۆیە پێم وایە دەبێت ئەمڕۆ ئەو فایلانە پڕبکەینەوە و زوو تەواوی بکەین."** | وەڵامە ڕاستەکە: ڕستەکە هیچ پەیوەندی بە باسی پێشوویانەوە نییە، مەبەستە شاراوەکە ئەوەیە کە "بێدەنگ بە، بەڕێوەبەرەکە هات" Claude: فەرمانبەرەکە دەیەوێت بەڕێوەبەرەکەی ئاگادار بکاتەوە کە خراپیی دەکرد لێی، بۆیە بابەت دەگۆڕێت بۆ کارەکان تا ئاواتی وایبنمایەوە. Gemini: ئاگادارکردنەوەی هاوکارەکەی لە هاتنی بەڕێوەبەرەکە و پاراستنی خۆیان لە کێشە، بە نواندنی ئەوەی کە خەریکی کارن. ChatGpt : فەرمانبەرەکە دەیەوێت هاوڕێکەی ئاگادار بکاتەوە کە بەڕێوەبەر هاتووە و دەبێت باسی تر بکەن | وەڵامە ڕاستەکە: ڕێسای پەیوەندی (پەیوەست) ( Maxim of Relevance) (پێشێلکردن) بۆ ئاگادارکردنەوەیەکی نهێنی) Claude: پێشێلکردنی بنەمای پەیوەندی/گرێداری Gemini: بنەمای پەیوەندی ( Maxim of Relation): چونکە کتوپڕ بابەتەکەی گۆڕی بۆ شتێکی تر بۆ خۆدزینەوە لە هۆکاری ڕاستەقینەی گفتوگۆکە. ChatGpt: مەگزیمی پەیوەندی (Relation/Relevance)چونکە لەناکاو بابەتەکە لە گلەیی و قسەی تایبەت دەگۆڕێت بۆ کار و فایلەکان. |

خشتەی ژمارە «١» وەڵامی مۆدێلەکان و وەڵامە ڕاست و ستانداردەکان

**٢-٣. شیکاریی و بەراوردکردنی توانستی پراگماتیکیی مۆدێلەکان**

بەگوێرەی ئەو داتانەی لە خشتەی ژمارە «١»دا بەرجەستەکراون و لەچوارچێوەی پشتبەستن بەو پشکنین و تاقیکردنەوانەی کە ئاماژەیانپێکراوە، لەم تەوەرەدا پرۆسەی هەڵسەنگاندن و شیکاریی و بەراوردکردن بۆ توانستی وەڵامی مۆدێلەکان ئەنجامدەدرێت، شیکارییەکان بەپێی سروشتی دابەشبوونی نموونەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ سەر ڕەهەندەکانی «کردە قسەییەکان» و «پێشێلکردنی بنەماکانی گرایس» بە جیا دەخرێنەڕوو.

**٢-٣-١. شیکاریی و بەراوردکردنی توانستی پراگماتیکیی مۆدێلەکان بەپێی کردە قسەییەکان**

ئامانجی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی ئەم شەش نموونەیە، هەڵسەنگاندنی توانستی مۆدێلەکانە لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی کردە قسەییەکان و دەرهێنانی مەبەستە ناڕاستەوخۆکانی پشت ڕستەکان، واتە نموونەکانی «١ بۆ ٦» وەک ئامرازێک بۆ تاقیکردنەوەی توانستی مۆدێلەکان پەیڕەوکراون، بە مەبەستی جیاکردنەوەی جۆرەکانی کردە قسەییەکان و پەیبردن بە واتا شاراوەکان، لەمڕوانگەیەوە هەریەک لە **نموونەکانی «١، ٢، ٣»، نوێنەرایەتی "دەربڕینە ناڕاستەوخۆ گشتییەکان"** دەکەن، کە ئاخێوەر مەبەستە ڕاستەقینەکەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، ئەمەش وادەکات تێگەیشتنی وەرگر بەستراو بێت بە توانستی زمانەوانی و پراگماتیکییەوە، واتە وەرگر بۆ ئەوەی لە مەبەستی شاراوەی ئاخێوەر تێبگات، پێویستی بە توانستی پراگماتیکی و شارەزایی شیکاریی زمانیی هەیە، شیکاریی ئەنجامەکان دەریانخستووە کە مۆدێلی «ChatGPT» بەرزترین ئاستی وردبینیی زانستیی لە دەستنیشانکردنی جۆری کردە قسەییەکاندا تۆمارکردووە، لە بەرامبەردا، مۆدێلی «Gemini» سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ شیکردنەوە ڕوونکردنەوەی دەوروبەری ڕستەکان، کەچی لە دیاریکردنی جۆری کردە قسەییەکاندا تووشی هەڵە بووە، سەبارەت بە مۆدێلی «Claude»یش، بە شێوەیەکی ئاڵۆز بەردەوام بەکارهێنانی زاراوەی "نێوانخەتی" پەیڕەوکردووە بۆ ئاماژەدان بە ناڕاستەوخۆیی دەقەکە، بەبێ ئەوەی ئاماژەیەکی ڕوون بۆ واتا ناوەخنییەکەی بکات.

**نموونەی ژمارە (٤) نوێنەرایەتی کردەی قسەیی داواکاریی ناڕاستەوخۆ دەکات، کە تایبەتە بە "فڕێدانی خاشاک"**، لەم نموونەیەدا، قسەکەر بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ ڕستەی داواکاری (لە چوارچێوە ڕستەی فەرمانیدا) ئاڕاستەناکات، واتە بەڕوونی ناڵێت: «خاشاکەکە فڕێبدە»، بەڵکو لەڕێگەی دارشتنی پرسیاری، یان ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆوە مەبەستەکەی دەخاتەڕوو، شیکارییەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە هەرسێ مۆدێلەکە «ChatGPT, Gemini, Claude»، بە سەرکەوتوویی توانیویانە پەی بە مەبەستی شاراوەی ئاخێوەر ببەن، واتە گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە واتای ڕووکەشی سەر فۆرمی ڕستەکە ناتوانێت گوزارشت لە هێزی ئاخاوتنی ڕستەکە بکات، بەڵکو مەبەستی ڕاستەقینەی ڕستەکە خۆی لە «فەرمان کردن» یان «داواکاری بۆ ئەنجامدانی کارێک»دا دەبینێتەوە.

**نموونەی (٥) خۆی لە «ئاگادارکردنەوە و هەڕەشەکردن» پەیوەندیی نێوان "منداڵ و ئۆتۆمبێل"** دەبینێتەوە، لەڕووی شیکاریی پراگماتیکییەوە (مەبەستە براگماتیکییەوە)، جۆری کردە قسەییەکە دەکەوێتە چوارچێوەی «هەڕەشەکردن»ەوە، بە جۆرێک گوفتاری ئاخێوەر لە ئاستی ئاماژەیی و ڕواڵەتیدا سیمای ئاگادارکردنەوە دەنوێنێت، بەڵام مەبەست، یان هێزی بەئەنجامگەیەنەرەکەی بریتییەلە هەڕەشەی سزادان، لە ڕەنگدانەوەی ئەم مەبەستە شاراوەیەدا، هەردوو مۆدێلی «Gemini» و «ChatGPT» ئاستێکی بەرز و باشیان لە شیکردنەوە و پاساودانی زانستی پشانداوە و پاساویان بۆ ئەم هەڕەشەیە هێناوەتەوە و بەشێوەیەکی کاریگەر پشتیان بە چوارچێوەی دەوروبەر (Context) بەستووە، بەڵام لە مۆدێلی «Claude»دا دووچاری سەرگەردانی لە دیاریکردنی بنچەی کردە قسەییەکەدا بووەتەوە، بەجۆرێک زاراوەیەکی زۆر نامۆ و نەگونجاو و هەڵەی بۆ زمانی کوردی بەکارهێناوە، کە بیتییەلە:

"مەرسووم/مەترسیدارکردن" بەمپێیەش نەیتوانیوە بە شێوەیەکی گونجاو و دروست واتای شاراوەی جۆری کردە قسەییەکە دیاری و شیکاریکات.

**نموونەی ژمارە (٦) «بەکارهێنانی توانج و گاڵتەوگەپی تەنزئامێز»** لەم تاقیکردنەوەیەدا جۆری کردە "هەست دەربڕینە"، بارگاوییبوونی لایەنی سۆزداریی ئاخێوەر بە شێوازێکی تەنزئامێز و لە چوارچێوەی گاڵتەوگەپدا بەکارهێنراوە، واتە لە نموونەی « ٦»دا ئاوێتەکردنی هەست و سۆزی قسەکەر لەڕێگەی دەربڕینێکی تەوسئامێز لە شێوازی گاڵتەوگەپدا بەرجەستەکراوە، لەم دۆخەدا مۆدێلەکان توانیویانە لە ڕامان و شیکردنەوەی ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دەقەکەدا تەواو سەرکەوتوو بن، کە ئەمەش هاوکاربووە لە دروستی پۆلێنکردن و دەستنیشانکردنی جۆری کردە قسەییەکە، بەڵام ئەوەی شایانی سەرنج و لێکۆڵینەوەی زیاترە، شکستی هەر سێ مۆدێلەکەیە لە پەیپێبردن و دەستنیشانکردنی مەبەستی شاراوەی دەقەکە، بەواتایەکی تر؛ خاڵی لاوازی هەر سێ مۆدێلەکە لە دیاریکردنی مەبەستی بنەڕەتیی «Pragmatic intent» گوتنەکەدا دەردەکەوێت و مۆدێلەکان نەیانتوانیوە لە لێکدانەوەی واتای مەبەستداری وشەی «سوک» لە چوارچێوەی سیاقی کۆمەڵایەتیدا «کە ئاماژەیە بۆ سووکایەتی، کەمکردنەوەی بەها، یان نەبوونی سەنگ لە پێگەی کۆمەڵایەتیدا» جیابکەنەوە، لە واتای ڕاستەوخۆ، یان بڕی فیزیکیی کێش و قەبارە، بەوپێیەی بەلای مۆدیلەکانەوە بەکارهێنانی چەمکی «سوک» تەنها پەیوەست و پەیوەندیدارە بە مەبەستی گاڵتەوگەپی تەنزئامێزەوە.

**٢-٣-٢. شیکاریی و بەراوردکردنی توانستی پراگماتیکیی مۆدێلەکان بەپێی بنەماکانی گرایس**

داتاکانی تایبەت بە نموونەکانی «٧ تا ١٢» لە ڕووی شیکارییەوە ئاڵۆزییەکی ڕێژەیی باڵاتر دەنوێنن، چونکە پرۆسەی لێکدانەوە تیایاندا بێجگە لە درککردن و پەیبردن بە بەهای ڕووکەشی، پێویستی بە دەستنیشانکردنی وردی بنەماکانی هاریکاریی گرایس هەیە، کە قسەکەر لە پێناو بەرهەمهێنانی واتای ناڕاستەوخۆ، یاخود واتای شاراوە «Implicature» پێشێلیکردووە.

**نموونەی (٧) لادان بەهۆی دووبارەکردنەوەوە «ئیتر مامۆستا هەر مامۆستایە»:**

بنەمای پێشێلکراو، بنەمای چەندییەتی: قسەکەر لەم دەربڕینەدا بە مەبەست خۆی لە بەخشینی زانیاریی نوێ بەدوور دەگرێت و پەنادەباتە بەر دەربڕینێکی بەڵگەنەویست بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی ناڕاستەوخۆ، هەڵسەنگاندنی توانستی مۆدێلەکان لەم نموونەیەدا لە لێکدانەوە و شیکاری مەبەستی شاراوەی ڕستەکەدا تووشی ئاستەنگیی بوونەتەوە و کەوتوونەتە هەڵەوە، چونکە پەیبردن و درککردنیان لە مەبەستی شاراوەی ڕستەکە و تێگەیشتن لە لادانەکە (کە ئاماژەیە بۆ دانپێدانان بە واقیع، یان جۆرێک لە خۆدزینەوە لە وەڵامدانی داواکاریی خوێندکارەکە) وایکردووە بکەونە هەڵەوە، ئەوەی جێگای ئاماژەیە؛ شێوازی پۆلێنکردنی مۆدێلەکان بۆ جۆری لادان لە بنەماکانی گرایس جیاوازیی گەورە و بەچاویان هەبوو، بە جۆرێک مۆدێلی «Gemini» توانستێکی پراگماتیکیی بەرزی سەلماند، بەوەی توانیی دەستنیشانکردنێکی ورد بۆ بنەما پێشێلکراوەکە بکات و پاساوی زانستیی گونجاو بخاتەڕووو، بەڵام مۆدێلی «ChatGPT» تووشی هەڵەی پۆلێنکردن بوو، بەوەی لادانەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ بنەمای شێواز ، هەوەها مۆدێلی «Claude» وەک پێشێلکردنی بنەمای چۆنییەتی ڕاڤە و پۆلێنیکردووە.

**نموونەی (٨). پێشێلکردنی بنەمای چەندییەتی لەڕێگەی خستنەڕووی زانیاریی زیادەوە:**

لەم نموونەیەدا، ئاخێوەر بڕێکی زیاتر لە زانیاریی پێویست ئاراستەی گوێگر دەکات، ئەم زیادەڕۆییە لە دابینکردنی زانیارییدا ئاستەنگی ڕاڤەکردنی بۆ هەرسێ مۆدێلەکە دروستکردووە، بە جۆرێک مۆدێلەکان لە پەیپێبردن بە مەبەستی شاراوەی پراگماتیکیی دەربڕینەکە سەرکەوتوو نەبن و ئاراستەی لێکدانەوەکەیان بەرەو وەسفی ڕاستەوخۆی کاتژمێرەکە چووە (وا تێگەیشتون قسەکەر دەیەوێت وەسفی کاتژمێرەکەی خۆی بکات)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەرسێ مۆدێلە لە دیاریکردنی جۆری پێشێلکاریی بنەماکەدا ئاستێکی بەرزی وردبینییان نیشانداوە و سەرکەوتوانە دیارییانکردووە.

**نموونەی (٩): گاڵتەوگەپ/ تەنز و پێچەوانە وتن (Sarcasm/Irony):**

بنەمای پێشێلکراو، چۆنییەتییە: شیکاری: لە تاقیکدنەوەی نموونەی «٩»دا، قسەکەر دەربڕینێک بەکاردێنێت، کە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا ناکۆکە، واتە ئاخێوەر دارشتنێکی زمانەوانیی پێچەوانەی ڕاستی، یان واقیع پەیڕەودەکات، (وەک بەکارهێنانی ستایش بە مەبەستی ڕەخنەگرتن، یان نواندنی بێزێزی، یاخود بۆ شکاندن و سووکایەتیپێکردن)، لەم وانگەیەوە هەڵسەنگاندنی توانستی مۆدێلەکان دەریانخست، کە هەرسێ مۆدێلەکە بە ئاستێکی بەرزی کارامەیی پەی بە دەوروبەری پراگماتیکی دەربڕینە تەنزئامێزەکە ببەن و بەباشی لێکدانەوەیان بۆ مەبەستی پراگماتیکی تەنزئامێزەکە کردووە، هەروەها جۆری پێشێلکردنەکەیان بە سەرکەوتوویی دیاریکردووە.

**نموونەی (١٠) خوازە / میتافۆر– Metaphor «کاردۆ شێرە»:**

بنەمای پێشێلکراو، چۆنییەتییە: لەم نموونەدا، بەرهەمهێنانی وێنەی میتافۆرییەوە لەڕێگەی پێشێلکردنی بنەمای چۆنییەتییەوە هاتووەتەکایەوە، چونکە لە ڕووی لۆژیکی و فیزیکییەوە، «کاردۆ» ئاژەڵی «شێر» نییە، بەڵکو ئاخێوەر تەنها خەسڵەتی «ئازایەتی»ی شێری وەکو میتافۆرێك دابڕیوە بۆ وەسفکردنی «کاردۆ»، هەڵسەنگاندن و شیکاریی هەرسێ مۆدێلەکە زۆر بە دروستی و بە ئاستێکی بەرزی وردبینی توانستیان هەبووە لە دەستنیشانکردنی ئاخاوتنەکەدا وەکو «خوازە - Metaphor» و دیاریکردنی بنەما لۆژیکییەکەیان پێکاوە، هەروەها توانیویانە جۆری بەزاندنەکەش بەدروستی دیاربیکەن، بەڵام مۆدێلی «Claude» نەیتوانیوە جۆری پێشێلکردنەکە دیاریبکات هەرچەندە ئەوەی دیاریکردووە ئەم وشەیە میتافۆرە.

**نموونەی (١١) «گۆڕینی ڕاڕەوی ئاخاوتن وەک ستراتیجیی خۆدزینەوە»:**

بنەمای پێشێلکراو، پەیوەستداری/ پیوەندیی: لەچوارچێوەی داتای پێشنیازکراوی نموونەی «١١»دا، ئاخێوەری دووەم بەکارهێنانی وەڵامێکی ناپەیوەستدار وەک ستراتیجییەک بۆ داهێنانی دەرچە پەیڕەودەکات، بە مەبەستی گۆڕینی تەوەری ئاخاوتنەکە، یان خۆدزینەوە لە پێشکەشکردنی وەڵامی ڕاستەوخۆ، یاخود بۆ داخستنی بابەتەکە، ئەنجامەکان دەریانخست کە هەر سێ مۆدێلەکە بە سەرکەوتوویی توانیویانە پەیوەندیی نێوان «مەبەستی شاراوەی ئاخێوەر» و «لادان لە بنەمای پەیوەستداری» دەستنیشانبکەن، هەروەها جۆری پێشێلکارییەکە لەلایەن تەواوی مۆدێلەکانەوە بە وردییەکی شیکاریی بەرزەوە دیاریکراوە.

**نموونەی (١٢): «گۆڕینی تەوەری ئاخاوتن بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە»:**

بنەمای پێشێلکراو، پەیوەستداری/ پیوەندیی: هاوشێوەی نموونەی پێشوو، ئاخێوەر پەنا دەباتە بەر گۆڕینی ڕاڕەوی ئاخاوتن، لێرەدا هۆکاری لادانەکە ڕەهەندێکی دەروونیی نییە (وەک خۆدزینەوە)، بەڵکو پشت بە هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبەستێت (پێویستیی ڕەچاوکردنی ئامادەبوونی لایەنی سێیەم لە ژینگەی ئاخاوتنەکەدا)، لەم ڕووەوە ئاستی توانستی وەڵامی مۆدێلەکان بۆ لێکدانەوەی مەبەستی شاراوەی ئاخێوەرە، بە جۆیک بوو، کە هەر دوو مۆدێلی «Gemini» و «ChatGPT» بە ئاستێکی بەرز لە مەبەستی شاراوەی ئاخێوەر تێگەیشتوون، بەڵام شیکارییەکەی «Claude» ڕوونیی پێویستی تیادا بەدینەکرا. سەرەڕای ئەمەش، مۆدێلەکان توانیویانە بە دروستی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری ئاخاوتنەکە بخوێننەوە و جۆری لادانەکە دەستنیشانبکەن.

**٤-٢. هەڵسەنگاندنی توانستی پراگماتیکیی مۆدێلەکان لەڕێگەی هێڵکارییەوە**

ئەم تەوەرە تایبەتکراوە بەو هێڵکارییە «چارتە» ئامارییەوە، کە ڕەنگدانەوەی دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و بەراوردکاریی فرەڕەهەندە، بە مەبەستی ڕەنگرێژکردنی سنوورەکانی توانستی پراگماتیکی و ئاستی پەیبردەن و درککردنی مەبەستی شاراوەی ئاخێوەر لە لایەن مۆدێلە زەبەلاحەکانی زمان «LLMs» بەئەنجامگەیەنراوە، تاقیکردنەوەکە سێ لە پێشکەوتووترین مۆدێلەکانی زیرەکیی دەستکرد «ChatGPT, Gemini, Claude» دەگرێتەوە، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ڕادەی توانای لێکدانەوە و شیکارییان بۆ بەکارهێنانی پراگماتیکیانەی زمانی کوردی لەڕێگەی تاقیکردنەوەی دەق و دەربڕینە جۆراوجۆرەکانەوە، تەوەرەی سەرەکی ئەم هەڵسەنگاندنە لەسەر دوو تیۆر و بابەتی بنەڕەتیی

ڕێبازە پراگماتیکییەکان «کردە قسەییەکان» و «بنەماکانی هاریکاری گرایس» بونیادنراوە، لەمسۆنگەیەوە؛ پێکهاتەی هێڵکارییەکە بەپێی بەها و ئامارەکانی ناو چارتەکە، خاڵەکانی وەک: «تەوەرەی ئاسۆیی، تەوەرەی ستوونی، ڕێژەی سەدی، یان جیاوازیی نێوان ئاستی مۆدێلەکان» خراونەتەڕوو.

**٢-٤-١. شیکردنەوەی کردە قسەییەکان لەڕێگەی هێڵکارییەوە**

ئەم هێڵکارییە «چارتە» دەرخەری ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی بەراوردکارییە لەسەر سێ مۆدێلی زمانەوانیی پێشکەوتووی زیرەکی دەستکرد، کە ئەوانیش «ChatGPT, Gemini, Claude»، بە مەبەستی پێوانەکردنی ئاستی توانستی پراگماتیکییان لە زمانی کوردیدا، واتە بۆ پێوانەکردنی ئاستی تێگەیشتنی مۆدێلەکان لە هێزی وتەیی و ئامانجە شاراوەکانی پشت ڕستەکان، وەک: «داواکاریی ناڕاستەوخۆ، داواکردنی لێبوردن، ئاگادارکردنەوە، و توانج و گاڵتەوگەپ / ئاماژە ناڕاستەوخۆکان»، پێکهاتەی هێڵکارییەکە تەوەری ئاسۆیی چارتەکە ئاماژەیە بۆ سێ مۆدێلەی بەشداربووی تاقیکردنەوەکە، هەروەها تەوەری ستوونیش ئاماژەیە بۆ پێوەری نمرەدان یان ژمارەی سیناریۆ و نموونە تاقیکراوەکان کە لەنێوان « ٠ تا ٦ » دیاریکراوە، بەپێی ئەنجامی داتاکان دەردەکەوێت، کە کۆی گشتیی سێناریۆکان، یان نمرەی تەواو بۆ هەر بابەتێک شەش « ٦ » بووە.

پێوەرەکانی تاقیکردنەوەکە لەسەر دوو پرسیاری جیاواز بنیادنراوە، کە بریتیین لە:

**یەکەم:** (زانینی کردە قسەییەکان): پێوانەی ئاستی توانستی مۆدێلەکە دەکات، بۆ ناسینەوە و پۆلێنکردنی جۆری ڕستەکە لە ڕووی کردە قسەییەکانەوە.

**دووهەم:** (زانینی مەبەستی ڕستەکە): پێوانەی ئاستی توانستی پراگماتیکیی مۆدێلەکە دەکات، بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی شاراوەی پشت ڕستە و وتەکانی قسەکەر.

دەرەنجامی ئاماریی وەک لە هێڵکاری ژمارە «٢»دا دەبینرێت، مۆدێلەکان ئەوەیان دەرخستووە، کەوا هەردوو مۆدێلی «ChatGPT» و «Gemini» ئاستێکی نموونەیی وهاوشان و هاوتایان تۆمارکردووە لە هەردوو بەشەکەدا (هەم لە زانینی کردە قسەییەکان و هەمیش لە زانینی مەبەستەی ڕستەکە) و توانیویانە لە کۆی شەش تاقیکردنەوەدا وەڵامی پێنج دانەیان بزانن، بەڵام مۆدێلی «Claude» بە جیاوازییەکی کەم لە نێوان دوو توانستە زمانەوانییەکەیدا دەردەکەوێت، لە توانستی "زانینی مەبەستی ڕستەکە"دا لە کۆی شەش نموونە توانیویەتی وەڵامی پێنج نموونەی بزانێت، بەڵام لە "زانینی کردە قسەییەکان"دا لە کۆی شەش نموونەکە چوار دانەیانی زانیوە، کەواتە ئەنجامەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە هەر سێ مۆدێلەکە توانستێکی بەرزیان لە تێگەیشتن لە "مەبەستی پراگماتیکی ڕستە"دا هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کەوا مۆدێلە زیرەکە دەستکردە گەورەکان بە باشی دەتوانن واتای ناڕاستەوخۆ و مەبەستی قسەکەر هەڵبهێنجێنن، هەروەها ئەوەی کە زۆر جێگەی سەرنجراکێشانە دەرەنجامەکانی مۆدێلی «Claude»دە، چونکە ئەوە نیشاندەدات، کە مۆدێلێکی زمانەوانی دەتوانێت بە تەواوی لە "مەبەست" و پەیامی ناوەڕۆکی قسەکە تێبگات، بەبێ ئەوەی بە دروستی و لەسەر بنەمای ڕێسا ئەکادیمییەکان بتوانێت ناو، یان جۆری "کردە قسەییەکە" پۆلێنبکات، ئەمەش دەریدەخات کە زانینی واتا لای مۆدێلەکان زیاتر پشت بە دەوروبەر و ئامانج دەبەستێت، نەک تەنها ڕێسا ڕێزمانی و زمانەوانییەکان، هەروەها ئەنجامەی مۆدێلەکانی «Gemini» و «ChatGPT» پێماندەڵێن، کەوا ئەم دوو مۆدێلە هاوسەنگییەکی تەواویان هەیە لە نێوان شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانەوانیی دەقەکە و درککردن و پەیبردن بە مەبەستە کۆمەڵایەتی و پراگماتیکییەکەی.




**هێڵکاری ژمارە «٢» کردە قسەییەکان**

**٢-٤-٢. شیکردنەوەی بنەماکانی گرایس لەڕێگەی هێڵکارییەوە**

هەڵسەنگاندنی ئاستی توانستی مۆدێلەکان لە پەیپێبردنی بە بنەماکانی هاریکاریی گرایس و پێشێلکردنی بنەماکان لەڕوانگەی هەڵهێنجان و تێگەیشتنیان لە واتای شاراوەی ڕستە و دەربڕینەکان لە چوارچێوەی ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی زمانی کوردیدا ئەنجامدراوە، هێڵکارییەکە بە شێوازێکی زانستیی پێوانەیی، داتا کۆکراوەکان بەپێی ئاستی وەڵامدەرەوەیی و شیکاریی زانستیی مۆدێلەکان پۆلێنکراوە، «وەک لە پێکهاتەی هێڵکاری ژمارە «٣»دا دەردەکەوێت»، بەواتایەکی تر، ئەم چارتە دەرخەری ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکە لەسەر سێ مۆدێلی زمانەوانی «ChatGPT, Gemini, Claude» بۆ پێوانەکردنی توانستیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ بنەماکانی هاریکاریی گرایس و پەیبردن بە واتای پراگماتیکی شاراوەی ڕستە و دەقەکان، پێکهاتەی هێڵکارییەکەش پێکدێت لە:

١. تەوەری ئاسۆیی: نوێنەرایەتیی سێ مۆدێلە بەشداربووەکە دەکات و تەوەری ستوونی (Y-axis): ئاماژەیە بۆ ژمارەی وەڵامە ڕاستەکان، کە نمرەی تەواو لەم تاقیکردنەوەیەدا «٦»ە.

٢. پێوەرەکان، کە دابەشدەبێت بەسەر:

أ. زانینی مەبەستی ڕستەکە: پێوانەی ڕادەی توانستی مۆدێلەکە دەکات، بۆ گەیشتن بە واتای شاراوە یان مەبەستی ڕاستەقینەی قسەکەر لەڕێگەی لێکدانەوەی پراگماتیکییەوە.

ب. زانینی بنەماکانی گرایس: پێوانەی ئاستی توانستی مۆدێلەکە دەکات، بۆ ناسینەوەی لایەنی تیۆریی دەقەکە، واتە ئایا دەزانێت کام لە بنەماکانی گرایس «چەندییەتی، چۆنییەتی، پەیوەندیی، شێواز» پێشێلکراوە.

لەچوارچێوەی دەرەنجامی ئاماریی مۆدێلەکان، وەکو لە هێڵکاری ژمارە «٣»دا خراوەتەڕوو، لە کۆی ئەو «٦» نموونەیەدا ئەم چەند دۆخە بەرچاودەکەوێت بەمشێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: مۆدێلی «ChatGPT» :** لە "زانینی مەبەستی ڕستەکە"دا ئاستێکی باڵای نواندوو و نمرەی تەواوی بەدەستهێناوە «٦ لە ٦»، واتە «١٠٠٪» توانیویەتی لە مەبەستی پراگماتیکیی قسەکەر تێبگات، بەڵام لە "زانینی بنەماکانی گرایس"دا ئاستی دابەزیوە بۆ «٤ لە ٦».

**دووهەم: مۆدێلی «Gemini» :** لە "زانینی مەبەست" و "زانینی بنەماکانی گرایس"دا نمرەی «٤ لە ٦»ی تۆمار کردووە، کە تارادەیەك ئاستێکی باشی هەبووە.

**سێیەم: مۆدێلی «Claude» :** لاوازترین ئاستی لە نێوان هەر سێ مۆدێلەکەدا پێشکەشکردووە، لە هەردوو بەشەکەدا تەنها نیوەی نمرەکانی بەدەستهێناوە، «٣ لە ٦» بۆ زانینی مەبەستی پاگماتیکی ڕستەکان و «٣ لە ٦» بۆ زانینی بنەماکانی گرایس.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەشێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی بنەماکانی گرایس لەڕێگەی هێڵکارییەوە گەورەترین دەرەنجامی ئەوەیە، کە مۆدێلە پێشکەوتووەکانی وەک «Gemini» و «ChatGPT» لەچوارچێوەی پراکتیکدا زۆر سەرکەوتوون لە تێگەیشتن لە مەبەستە شاراوەکان، بەڵام کاتێک داوایان لێ دەکرێت وەک چەمکێکی ئەکادیمی دیاریبکەن، کە کام بنەمایەی گرایس بەکارهاتووە، یان پێشێلکراوە ، تووشی کێشە دەبن و ئاستیان دادەبەزێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە، کە مۆدێلەکانی زیرەکیی دەستکردە واتا لەڕێگەی ئامار و دەوروبەری گشتییەوە شیکاردەکەن، نەک لەڕێگەی جێبەجێکردنی ڕێسا تیۆریی و زمانەوانییەکانەوە.

ئەنجامی **«ChatGPT» :** کە نمرەی تەواوی «٦»ی هێناوە لە مەبەست، بەڵام تەنها «٤»ی لە بنەماکان هێناوە، ئەوەمان پێدەڵێت، کە تێگەیشتنێکی تەواو لە مەبەستی قسەکەر، مەرج نییە پێویستی بە زانینێکی تەواوی تیۆریی بنەماکانی گرایس هەبێت، مۆدێلەکە دەزانێت قسەکەر مەبەستی چییە، بەڵام نازانێت ناوە زانستییەکەی چییە!

ئاستی مۆدێلی **«Gemini» :** نمرەی «٤» لە «٦» هێناوە بۆ زانینی مەبەستی ڕستەکە و زانینی جۆری پێشێلکردنی بنەماکان و بەمەش دەدەکەوێت ئاڕادەیەکی باش تگەیشتنی هەبووە بۆ هەردوو بوارەکە.

ئاستی مۆدێلی **«Claude» :** پێچەوانەی دوو مۆدێلەکەی تر، مۆدێلی کلۆد ئاستێکی نزمی پیشان داوە «٣ بە ٣» ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەم نموونانەدا، ئەم مۆدێلە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت بە شێوەیەکی خۆرسک واتای پێشێلکردنی بنەماکانی گرایس لە زمانی کوردیدا شیبکاتەوە و وەڵامەکانی مەیلیان بەلای هەڕەمەکیدا «٥٠٪ بە ٥٠٪» ڕۆیشتووە.




**هێڵکاری ژمارە «٣» بنەماکانی گرایس**

## ئەنجامەکان توێژینەوەکە

١. مۆدێلە پێشکەوتووەکانی زیرەکی دەستکرد بە بەتایبەتی مۆدێلەکانی «Gemini» و «ChatGPT» توانستێکی پراگماتیکیی بەرزیان لە پەیبردن و ناسینەوە و شیکردنەوەی "واتای شاراوە و مەبەستی ناڕاستەوخۆی قسەکەر" لە زمانی کوردیدا هەیە، هەوەها مۆدێلەکان نەکەوتونەتە تەڵەی واتای سیمانتیکی وشەکانەوە و لە بەربەستە سیمانتیکییەکان و واتای ڕووکەشیی وشەکاندا قەتیس نەماون، بەڵکو بە سەرکەوتوویی توانیویانە مەبەستە پراگماتیکییەکانی وەک: «گاڵتەوگەپی تەنزئامێز، هەڕەشەکردن، دەربڕینی میتافۆریی، و داواکارییە ناڕاستەوخۆکان» بە دروستی هەڵبهێنجێنن.

٢. ئاستی توانستی مۆدێلەکان بۆ دەستنیشانکردنی "مەبەستی شاراوەی قسەکەر" زۆر خێراتر و وردترە بەراورد بە توانایان بۆ دیاریکردن و پۆلێنکردنی زانستیانەی "جۆری کردە قسەییەکان" یان دەستنیشانکردنی ئەو بنەمایەی کە لە ڕستەکەدا پێشێلکراوە، ئەم حاڵەتەش بەتایبەتی لەو سیناریۆیانەدا دەرکەوت، کە تایبەت بوون بە تاقیکردنەوەی بنەماکانی هاریکاری گرایس.

٣. مۆدێلی «Claude» ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو بووەتەوە لە دۆزینەوە و بەکارهێنانی وشە و چەمکی دروستی زمانەوانیی کوردی، لەم ڕووەوە زۆرجار پەنای بردووەتە بەر داتاشین و دروستکردنی وشەی نائاسایی و نامۆ (بۆ نموونە: بەکارهێنانی "مەرسووم / مەترسیدارکردن" لەبری "هەڕەشەکردن")، لە بەرامبەردا، هەریەکە لە مۆدێلیەکانی «Gemini» و «ChatGPT» ستراتیژییەکی سەرکەوتووتریان پەیڕەوکردووە، ئەویش لەڕێگەی تێکەڵکردنی وشە و چەمکە زمانەوانییە ئینگلیزییەکان لە پاڵ ڕوونکردنەوە و شیکارییە کوردییەکاندا.

٤ .لێکدانەوە و شیکاریی داتاکان (بەتایبەتی لە نموونەکانی «١١ و ١٢»)دا ئەوەیان دەرخستووە، کە مۆدێلەکان توانایەکی قووڵیان لە جیاکردنەوەی پاڵنەرە جیاوازەکانی پشت دەربڕینەکانەوە هەیە، بۆ نموونە، توانیویانە جیاکارییەکی ورد لە نێوان لادان لە تەوەر و بابەتی گفتوگۆ بە مەبەستی "خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوە"، لەگەڵ لادان بە مەبەستی "ئاگادارکردنەوە" بکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەیشتنی ئەم مۆدێلانە بە ئاستێکی باڵای لێکدانەوە و شیکاریی قووڵی دەربڕینەکان لە زمانی کوردیدا.

٥ .سەبارەت بە تیۆری کردە قسەییەکان، مۆدێلەکان سەرکەوتووانە توانستی خۆیان لە جیاکردنەوەی "فۆڕمی ڕێزمانیی ڕووکەش" لە "ئەرکی پراگماتیکیی شاراوە" سەلماندووە، بەو واتایەی، مۆدێلەکان لە ئاستی دارشتەی وشەیی ڕاستەوخۆ تێپەڕیون بەرەو درککردنی «کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان»، چونکە بە ڕوونی درکیان بەوە کردووە، کە دەکرێت ڕستەیەک لە ڕووی پێکهاتەوە فۆڕمێکی پرسیاریی هەبێت، بەڵام لە ڕووی بارگەی واتای پراگماتیکییەوە وەک "فەرمان یان داواکاری" کاربکات، یان ڕستەیەکی هەواڵیی سادە هەڵگری ئەرکی "هەڕەشەکردن" بێت.

٦. لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی گشتگیر و شیکاریی سیستەماتیک بۆ کۆی وەڵامەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی تاقیکردنەوەکەدا، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە هەردوو مۆدێلی «Gemini» و «ChatGPT»، لە ڕووی پەیبردن بە دەوروبەری بەکارهێنان (سیاق - Contextual) و شیکاری و ڕۆچوونی پراگماتیکییانەوە بۆ کەرەستەکانی زمانی کوردی، توانستێکی باڵادەستتر و ئاستێکی پێشکەوتووتر بەراورد بە مۆدێلی«Claude» دەنوێنن.

٧. مۆدێلی «Claude» لە شیکاریی هێڵکارییانەی کردە قسەییەکاندا، ئاستێکی باڵا لە پەیبردن بە «مەبەست» و ناوەڕۆکی پەیامەکە نیشاندەدات، بەبێ ئەوەی بتوانێت لەسەر بنەمای ڕێسا زانستییەکان، پۆلێنکارییەکی ورد بۆ (ناو و جۆری کردە قسەییەکە) ئەنجامبدات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پرۆسەی پەیبردن و درککردن بە مەبەستەکانی ئاخاوتن، لەلای مۆدێلەکان زیاتر پشت بە دەوروبەر و ئامانجی ئاخاوتن دەبەستێت، نەک تەنها پەیڕەوکردنی ڕێسا ڕێزمانیی و زمانییەکان، لە بەرامبەردا، ئەنجامی مۆدێلیەکانی «Gemini» و «ChatGPT» هاوسەنگی لە نێوان هەڵهێنجانی پێکهاتەی زمانەوانی و پەیبردن بە ڕەهەندە پراگماتیکیی و کۆمەڵایەتییەکانی دەربڕاوەکان نیشاندەدەن.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکهەم: سەرچاوە کوردییەکان


1- ئاران ئەمینی، (٢٠٢٥)، دۆخی هەنووکەی زمانی کوردی لە ژێرپی دەستکرددا، وتار/ ڕێکەوتی 25 جۆزەردان 2025، https://www.jiridastkrd.com/post/20/?fbclid

2- ئاڤێستا کەمال مەحموود، (2006)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

3- ئاگرین شەوکەت هادی، کەلسوم خالد ئەحمەد، نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، (2021)، لادان لە بنەمای هاریکاری (کتێبی ڕشتەی مرواری بە نموونە)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (47).

4- بابا ڕەسول نوری ڕەسول، (2013)، شیکردنەوەی دەق، نوکتە بە نموونە، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

5- تریفە عومەر ئەحمەد، (2008)، مەبەستی پراگماتیکی لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

6- جۆرج یول، (2016)، مەبەستناسی(پراگماتیک)، و/ ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولڕەحمان زەبیحی.

7- دارا حەمید محەمەد، (2012)، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

8- ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد ، (٢٠٢٤)، هێزی واتای سیمانتیکی لە بەرهەمهێنانی واتای پراگماتیکیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار- ئیدارەی گەرمیان.

9- سەرباز عەزیز وەرتی، (2023)، چۆنیەتی بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد «AI» و چاتبۆت «ChatGPT» و هاوشێوەکانی لە پەروەردەدا، گۆڤاری زمانەوانی، ژمارە (1) ساڵی یەکەم، هاوینی (2023).

10-شێرکۆ حەمە ئەمین و هێمن عبدوالحەمید، ( ٢٠١٠)، شێوازی ئاخاوتنی ژن لە کۆیە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (١٤)، کۆیە.

11-قەیس کاکل توفیق، (1995)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

12-محەمەد مەعروف فەتاح، (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

13-ناز ئەکرەم سەعید، (2013)، کردە قسەییەکان (هێورکردنەوە لە دەربڕیندا)، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

14-نەزیرە سابیر مستەفا، (2018)، پراگماتیک و شێوازگەری، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

15-نەوزاد ئەنوەر عومەر، (2014)، هەندێ لایەنی کۆمەلایەتیی پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.


### دووهەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان


16- .Searle, J. R .(١٩٧٩) *Expression and Meaning: Studies in the Theory of Speech Acts* .Cambridge University Press.

17-Chung, H. W., Hou, L., Longpre, S., Zoph, B. . . Wei, J. (2022). *Scaling instruction-finetuned language models* https://doi.org/10.48550/arXiv.2210.11416.

18-Fairclough, N. (1995). Critical Discourse Analysis. Cambridge University,Press 7

19-Grice, H.P. Studies in the Way of Words. London: Harvard University Press, 1975.

20-Huang, Y .(٢٠١٤) .*Pragmatics* (2nd ed.). Oxford University Press.

21- Jennifer Hu, Sammy Floyd, Olessia Jouravlev, A fine-grained comparison of pragmatic language understanding. in humans and language models , *Proceedings of the 61st Annual Meeting of the Association for Computational Linguistics Volume 1(2023): Long Papers*, pages 4194–4213.

22-Levinson, S. C. (1983). *Pragmatics*. Cambridge University Press

23-Searle, J. R. (1976). A Classification of Illocutionary Acts .*Language in Society*

24-Thomas, J. A., (2013), Meaning in Interaction: An Introduction to Pragmatics. London; New York: Routledge.


سێهەم: پاشکۆکان

**ChatGPT**

1 -https://ChatGPT.com/s/t_6a3a8cd218b88191b8136adaba18df44

2 -https://ChatGPT.com/s/t_6a402d85cbd0819180d1dcc6c68b39c0

**Gemini**

3 -https://docs.google.com/document/d/14FsUQU6eAavr2fv9jTsJkcll3r7EKYMkYMNv8-KtHuo/edit?usp=sharing

4 -https://docs.google.com/document/d/1oSjCYBobSY3NQyUBu6xAXanFdNcvz-8u2StdTE_-SPw/edit?usp=sharing

**Claude**

5 -file:///C:/Users/IT/Downloads/grice_maxims_table.html

6 -file:///C:/Users/IT/Downloads/spech%20act_analysis_table.html

List of sources

First: Kurdish sources

1- Aran Amini, (2025), Current Situation of Kurdish Language in Artificial Intelligence, Article/ June 25, 2025, https://www.jiridastkrd.com/post/20/?fbclid

2- Avesta Kamal Mahmood, (2006), Pragmatics of Question and Command Sentences in the Lower Kurdish Dialect, Master's Thesis, College of Language, Sulaimani University, Sulaimani.

3- Agrin Shawkat Hadi, Kalsum Khalid Ahmad, Nariman Abdullah Khoshnaw, (2021), Deviation from the Principle of Cooperation (Pearl Field Book as an Example), Kurdish Academy Journal, No. (47).

4- Baba Rasul Nuri Rasul, (2013), Text Analysis, Jokes with Examples, PhD Thesis, Faculty of Education, Koya University, Koya.

5- Trifa Omar Ahmad, (2008), Pragmatic Purpose in Speech, Master's Thesis, College of Language, Sulaimani University, Sulaimani.

6- George Yule, (2016), Pragmatics, by Rahim Surkhi, first edition, Tehran Printing House, Abdulrahman Zabihy Literary Research Center.

7- Dara Hamid Mohammed, (2012), Complex Sentence Analysis from a Pragmatic Perspective, PhD Thesis, Faculty of Education, Sulaimani University, Sulaimani.

8- Rostam Mohammed Ahmad, (2024), The Power of Semantic Meaning in the Production of Pragmatic Meaning, PhD thesis, College of Education, Garmian University, Kalar-Garmyan Administration.

9- Sarbaz Aziz Warti, (2023), How to use artificial intelligence “AI” and chatbot “ChatGPT” and the like in education, Linguistic Journal, No. (1) First Year, Summer (2023).

10- Sherko Hama Amin and Hemn Abdulhamid, (2010), Women's speech style in Koya, Koya University Journal, No. (14), Koya.

11- Qais Kakl Tawfiq, (1995), Sentence Types and Theory of Verbal Action, Master's Thesis, College of Education, Salahaddin University, Erbil.

12- Mohammed Ma'roof Fatah, (2011), Linguistics, Third Edition, Haji Hashim Printing House, Erbil.

13- Naz Akram Saeed, (2013), Verbal Actions (Calmation in Expression), Master's Thesis, Faculty of Humanities, School of Language, Sulaimani University, Sulaimani.

14- Nazira Sabir Mustafa, (2018), Pragmatics and Methodology, PhD Thesis, Faculty of Education, Koya University, Koya.

15- Nawzad Anwar Omar, (2014), Some Pragmatic Social Aspects in Kurdish Language, PhD Thesis, Faculty of Humanities, School of Language, Sulaimani University, Sulaimani.

Second, English sources

25-Searle, J. R .(١٩٧٩) *Expression and Meaning: Studies in the Theory of Speech Acts* .Cambridge University Press.

26-Chung, H. W., Hou, L., Longpre, S., Zoph, B. . . Wei, J. (2022). *Scaling instruction-finetuned language models* https://doi.org/10.48550/arXiv.2210.11416.

27-Fairclough, N. (1995). Critical Discourse Analysis. Cambridge University,Press 7

28-Grice, H.P. Studies in the Way of Words. London: Harvard University Press, 1975.

29-Huang, Y .(٢٠١٤) .*Pragmatics* (2nd ed.). Oxford University Press.

30- Jennifer Hu, Sammy Floyd, Olessia Jouravlev, A fine-grained comparison of pragmatic language understanding. in humans and language models , *Proceedings of the 61st Annual Meeting of the Association for Computational Linguistics Volume 1(2023): Long Papers*, pages 4194–4213.

31-Levinson, S. C. (1983). *Pragmatics*. Cambridge University Press

32-Searle, J. R. (1976). A Classification of Illocutionary Acts .*Language in Society*

33-Thomas, J. A., (2013), Meaning in Interaction: An Introduction to Pragmatics. London; New York: Routledge.

سێهەم: پاشکۆکان

**ChatGPT**

7 -https://ChatGPT.com/s/t_6a3a8cd218b88191b8136adaba18df44

8 - https://ChatGPT.com/s/t_6a402d85cbd0819180d1dcc6c68b39c0

**Gemini**

9 - https://docs.google.com/document/d/14FsUQU6eAavr2fv9jTsJkcll3r7EKYMkYMNv8-KtHuo/edit?usp=sharing

10 - https://docs.google.com/document/d/1oSjCYBobSY3NQyUBu6xAXanFdNcvz-8u2StdTE_-SPw/edit?usp=sharing

**Claude**

11 - file:///C:/Users/IT/Downloads/grice_maxims_table.html

12 - file:///C:/Users/IT/Downloads/spech%20act_analysis_table.html